حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە

KOYA UNIVERSITY

٣٥
٢٠١٥

# گۆڤاری زانکۆی کۆیە

## ( زانستە مرۆڤایەتییەکان )

گۆڤارێکی ئەکادیمییە زانکۆی کۆیە دەری دەکات
ISSN. 2073-0713

زانکۆی کۆیە

# محەمەد سادق شەرەفکەندی
# ژیان و تێکۆشانی سیاسیی (١٩٣٨-١٩٩٢)
## (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە)

د. هۆشمەند عەلی مەحمود
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە
بەشی مێژوو

## پێشەکی

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ژمارەیەك کەسێتی لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیو نەتەوایەتی ڕۆڵی کارایان لە ئاراستەکردنو بەرەوپێشچونی هەبووە لەوانە: محەمەد سادق شەرەفکەندی (د. سەعید)، وەك تێکۆشەرێکی نێو جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) خەباتو تێکۆشانی سیاسیی بۆ ماوەی (١٩) ساڵ درێژە پێداوە.

بەهۆی ئەوەی تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی مێژوویی زانستی لەسەر ئەم بابەتە نەکراوە، کە باس لە ژیانو تێکۆشانی سیاسیی ئەو بکات لە ڕیزەکانی (حدکا)و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، ئەوەندەی نوسراویشە سەرپێ یانەیەو پڕە لەکەموکوڕی، لەبەر ئەمانەو بەئامانجی خستنەڕووی زیاتری ڕۆڵی ئەو سەرکردە هاندەری سەرەکیمان بوو بۆ دەستنیشانکردنی ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (محەمەد سادق شەرەفکەندی، ژیانو تێکۆشانی سیاسیی "١٩٣٨-١٩٩٢" وەك لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسیی)، کە لە چوار تەوەری سەرەکی پێکهاتووە. تەوەری یەکەم: تایبەتە بە لە دایك

بوونو پێگەیشتنی محەمەد سادق شەرەفکەندی. تەوەری دووەم: باس لە تێکۆشانی سیاسیی لە سەرەتای بەئەندام بوونی لە (حدکا) دەکات لەساڵی ۱۹۷۳ تا ساڵی ۱۹۸۹. تەوەری سێیەم: تایبەت کراوە بە ماوەی تێکۆشانی سیاسیی لە ڕێبەرایەتی کردنی (حدکا)دا لە ساڵی ۱۹۸۹ تا ساڵی ۱۹۹۲. تەوەری چوارەمو کۆتایی تەرخانکراوە بۆ تێکۆشانی سیاسی لەسەر ئاستی دەرەوەو تیرۆرکرانی لە ۱۷ی ئەیلولی ۱۹۹۲دا.

لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا دووچاری چەند ئاستەنگێك بووین، وەك: نەبوونی ئەرشیفێکی تەواوی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە توێژینەوەکەمان لە نێو (حدکا)دا، کە ووردتر ڕۆڵی ئەوی لە ڕووداوەکاندا بۆ دەخستینە ڕوو، وەك نامەو دەستنووسە تایبەتیەکانی، هەروەها دەست ڕا نەگەیشتن بە خێزانەکەیی‌و چەند کەسایەتیەکی سیاسییو هاوەڵە نزیکەکانی، وێڕای هەوڵی زۆریشمان لەم پێناوەدا، بەڵام لەلایەك بەهۆی دووری هەندێکیانو خۆپاراستنی هەندێکی تریان لە دەوڵەتی ئێران، بەتایبەتی خێزانەکەیی‌و خوشکەکەی، لەلایەکی تریشەوە وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکانمان لەلایەن چەند کەسایەتیەکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تواندراوە بە پشت بەستن بەچەند سەرچاوەیەکی کوردیو بیانی، لەوانە: (برویز دسمالچی: ترور بەنام خدا)، (کریس کۆچیرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو ویستی سەربەخۆیی)، (سلام عزیزی: سەفەری بێ گەڕانەوە)، (عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی"هەژار": چێشتی مجێور). هەروەها سوود وەرگیراوە لە ئەنجامدانی چەند چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ کاری حیزبیو سیاسیان لەگەڵ ئەودا کردووە، یان لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانو تێکۆشانی سیاسیی ئەو بوون لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیداو زانیارییەکانیان سوودی زۆری بۆ توێژینەوەکەمان هەبوو، بەمەش توانراوە تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر کەمو کوڕیەکان بەشێوەیەکی زانستی زاڵ بینو زانیاری مێژوویی پێویست بەردەست بخەین. بەپشت بەستن بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووییو گرتنەبەری ڕێبازی خستنەرووی زانیاریەکان بەپێی قۆناغ بەندی مێژوویی و هاوکات شرۆڤەکردنیان.

## یەکەم: لە دایکبوون و پێگەیشتنی (بنەماڵەکەی، ژیانی منداڵی، قۆناغەکانی خوێندنی):

محەمەد سادق کوڕی (مەلا محەمەد[1]) شەرەفکەندی[2]، ڕۆژی ١١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٨[3]، لە گوندی تەرەغەی سەر بە شاری بۆکانی ناوەندی موکریان لە دایك بووە[4].

باوکی لە بنەماڵەیەکی ئاینی پەروەردە بووەو ئەم شێوە پەروەردە بوونەشی لە قۆناغەکانی ژیانی دا کاریگەری زۆری بەسەر ژیانیدا هەبووە[5]. دایکیشی ناوی (مریەم) بووەو لە بنەماڵەی قازییەکانی

---

(١) محەمەد، حەمەشیان پێ گوتووەو هەروەها بە (بۆر) یش ناوی هێنراوەو بۆتە حەمە بۆر، کەسێکی خوێندەوار بووەو کاری مەلایەتی کرووە، لە ژیانیدا چوار جار ژنی هێناوەو ژنی سێیەمی دایکی هەژار موکریانی شاعیرو، ژنی چوارەمیشی دایکی د. سەعید شەرەفکەندی بووە، لە ساڵی ١٩٣٨دا، واتە ئەو ساڵەی شەرەفکەندی لە دایك بووە ئەویش کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: (عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی"هەژار": چێشتی مجێور، ئامادەکردن و سەرپەرشتی چاپ: خانی شەرەفکەندی، پاریس، ١٩٩٧، ل١١-١٤، ل٣٤).

(٢) ناوی ڕاستەقینەی محەمەد سادق و لە نێو هاوڕێیان و حدکاشدا بە (د.سەعید) ناسراوە، هەروەها لەسەر بنچینەی نازناوی بنەماڵەکەیان سەعید شەرەفکەندیشیان پێ گوتووە، نازناوی شەرەفکەندیش دەگەڕێتەوە بۆ ناوی بنەماڵەکەیان کە لەناوی ناوچەی ژیانی باوو باپیرانی بۆیان ماوەتەوە. بڕوانە: (فەتاح مرشد کاکەیی: ڕۆڵەی هەمیشە زیندوو شەهید د.صادقی شەرەفکەندی، ڕەنگین (گۆڤار)، ژمارە (٥٩)، بغداد، ١٩٩٣، ل ل٢٠-٢١) (کریس کۆچیرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو ویستی سەربەخۆیی، و: حەسەن ڕەستگار، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، بێ شوێن، ٢٠١٣، ل٣٥٧).

(٣) حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (بەشی شەهیدان): ئالبومی شەهیدان (١)، کۆمیسیۆنی کۆمەلایەتی، بێ شوێن، ١٣٨٦هـ-٢٠٠٧ز، ل٢١ کریس کۆچیرا: س.پ، ل٣٥٧.

(٤) سمایل شەرەفی (ئامادەکردن و وەرگێڕانی): شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی، ب.ش.چ، ب.س.چ، ل١١٢ سەید ڕەزا درودگەر: کورتەی ژیانی سیاسیی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ١٣٢٤-١٣٨٤/ ١٩٤٥-٢٠٠٥، کومیتەی بەڕێوەبەری یادی ٦٠ ساڵەی دامەزراندنی حیزب، بێشوێنی چاپ، بێساڵی چاپ، ل٤٩. (تەرەغە گوندێکی ناوەندی ناوچەی بۆکانەو ناوی چیایەکی بەناوبانگی موکریانیشە).

(٥) محەمەدی باوکی شەرەفکەندی زۆر خودا پەرست بووە، وەك هەژاری کوڕە گەورەی نوسیوێتی: (هێندە ئیماندارو خواترس بووە، سەودای دەگەڵ ژنانیش نەدەکرد، لە هەمان کاتدا ژنی دووەمی تەلاق دابوو بەهۆی ئەوەی بە بێ سەرپۆش لەبەر دەرگای ماڵەوەیان دانیشتووە)، هەروەها دەڵێ: (کاتێك کە دەمرێت ٣٠٠ تمەن قەرزدار بووەو تەنها مانگایەکی هەبووە)، بڕوانە: (عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی"هەژار": س.پ، ل ل١٢-١٣).

سەردەشت بووە، کە بەناوی (کچی قازی) ناسراوە[1]. لە ساڵی ١٩٣٨دا باوکی کۆچی دوایی کرد، لە کاتێکدا تەمەنی ئەو لە هەشت مانگاندابوو، ئەمەش وایکرد هەر لەسەرەتای تەمەنی منداڵییەوە دووچاری چارەڕەشیو ژیانێکی قورس ببێتەوە، چونکە دایکیشی پاش ساڵێك لە مەرگی مێردەکەی، شووی کردۆتەوەو بەجێی هێشتوون[2]. بەمەش بە خێوکردنی ئەو دەکەوێتە ئەستۆی (خوشكو براکانی[3])، بەڵام پەروەردەکردنو خزمەتکردنی منداڵێك لە تەمەنێکی وا بچوکدا کارێکی گران بووە بەسەریانەوە، هەروەك هەژاری برا گەورەی نووسیوویەتی: "خوشکم هێشتا منداڵ بوو، ناچاربووین لە

---

(١) مریەم قازی کچی محەمەد قسیم قازی ناسراو بە فخر العلماء، کە لە جەنگی یەکەمی جیهانی دا بەدەستی سەربازانی رووس کوژراوە، (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵا حسەن زادە، کۆیە، ٢٠١٢/٥/٢٠). (عەبدوڵڵا حسەن زادە ساڵی ١٩٣٨ لەدایك بووە. خەڵکی ئاوایی نێوچەی سەردەشتە. خوێندنی ئاینی تەواوکردوە. ساڵی ١٩٥٣ بۆتە ئەندامی حدکاو چەندین لێپرسراویەتی جۆراوجۆری وەرگرتووە تا لەساڵی ١٩٩٥دا بۆتە سکرتێری گشتی حدکا بۆ ماوەی نزیك بە دە ساڵ. لەخەباتی سیاسی بەردەوامەو لەشاری کۆیە نیشتەجێیە).

(٢) کوردستان (ڕۆژنامە): کورتەیەك لە ژیانی شەهیدانی ١٧ی سێپتامبری بێرلین، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە (٥٩١)، یەکشەممە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩١-١٦ی سێپتامبری ٢٠١٢، ل٦ کوردستان میدیا: پوختەیەك لە ژیانی دکتۆر محەمەد سادق شەرەفکەندی (سەعید)، ماڵپەری ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ١٤-٣-٢٠١٢، .http://www.kurdistanmedia.com/index.php?besh=dreje&id=٧٨

(٣) شەرەفکەندی سێ براو خوشکێکی هەیە، براگەورەکەی عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار موکریانی شاعیرە)، برای دووەمی (عەبدوڵڵا شەرەفکەندی) کە لە ژیاندا ماوەو ئێستا لە شاری مەهاباد دەژی، خوشکەکەشی ناوی (زەینەب)ەو لە ژیاندا ماوەو لە شاری ورمێ دەژی. بەڵام برای سێیەمی ناوی (ڕەسوڵ قادری)یەو ئەویش لە ژیاندا ماوەو ئێستا لە وڵاتی فەرەنسا دەژیو لە دایکەوە برای د. سەعیدەو پاش مێرد کردنەوەی دایکی ئەو کورەی بووە، (چاوپێکەوتن لەگەڵ فەتاح کاویان، کۆیە، ٢٠١٢/٥/٣١). (فەتاح محەمەد کاویان ساڵی ١٩٣٦ لە شاری مەهاباد لەدایك بووە. ساڵی ١٩٥٧ بۆتە ئەندامی حدکا. بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە. لە حدکادا چەندین پلەو بەرپرسیاریەتی جۆراوجۆری وەرگرتووە، وەك: ئەندامی دەفتەری سیاسیی (١٩٨١-١٩٨٣)و کۆمیتەی ناوەندی (١٩٨٣-١٩٨٧)، بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی، ئەندامی دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانو گۆڤاری تیشك. لە ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٩٧ تێکۆشانی سیاسیی لە ڕیزەکانی باڵی جیابۆوەی حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ درێژەپێداوە. لەئێستاشدا لە ڕیزەکانی حدك بەردەوامە لەتێکۆشانی سیاسییو لە شاری کۆیە نیشتەجێیە).

ژنی ناودێ (تەرەغە) یارمەتی بخوازین کە بەنان کردنو ماڵات دۆشینو مەشکەژاندن ڕابگەن، کە ئەوانیش جگە لە هەقی خۆیان نیوە بەنیوەیان دەدزی "[١].

محەمەد سادق لەسەرەتای خوێندنییەوە لای هەژاری براگەورەی وانەی پێ ووتراوەو فێری خوێندنو خوێندەواری کراوە، چونکە لە تەمەنی چوار ساڵانەوە هەژاری برای بەرپرسیارییەتی فێرکردنو خوێندەواری گرتۆتە ئەستۆو لەگەڵیدا هەوڵی داوە وەك مامۆستایەك فێری خوێندنو خوێندەواری بکات[٢]. ئەمەش بۆتە بناغەیەکی باش کە لەوێوە هەنگاو بەرەو خوێندنگاو پاشان تەواوکردنی قۆناغەکانی دیکەی خوێندن هەڵ بهێنێت. لەم ڕووەشەوە بیرو ئەندێشەی هەژاری برای لەسەر ئەو کاریگەری هەبوو، چونکە وەك خۆی باسی لێوەکردووە، بەهۆی گەورەبوونی محەمەد سادقی برایو پێویست بوونی بۆ ناردنی بۆ بەر خوێندن بەناچاریو بەو کەم دەرامەتەیەوە، بارگەی خێزانەکەیان تێك بنێتو لە گوندی تەرەغەوە بەرەو شاری بۆکان کۆچ بکەن[٣]، تابتوانێت برا بچوکەکەی بخاتە بەر خوێندن. بەڵام کاتێك لە قۆناغی دووەمی سەرەتایی دەبێت لە شاری بۆکان، هەژاری برای کە سەرپەرشتیارو بەخێوکەریان بووە، جێیان دەهێڵێتو بەمەش ئەوو براو خوشکەکەی بەتەنیا دەمێننەوە، پاش چەند مانگێك لە دووری برا گەورەکەی جارێکی تر چۆتەبەر خوێندن[٤].

پاشان لەگەڵ بنەماڵەکەی (براو خوشکەکەی) ڕودەکەنە شاری مەهابادو لەوێدا نیشتەجێ دەبن، چونکە لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٣ هەژار موکریانی بۆ بەشداری کردن لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ڕێکخراوی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) پێشەنگی بوو، دەچێتە شاری مەهاباد، دواتر براکانیو خوشکەکەی لە بۆکانەوە بۆ مەهاباد هێناوە[٥]. هەر بۆیە قۆناغەکانی یەکەمو دووەمی سەرەتایی لە شاری بۆکانو، قۆناغەکانی دیکەشی تا پۆلی پێنجەمی دواناوەندی لە

---

(١) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار): س.پ، ل٣٥.

(٢) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار): س.پ، ل ل٣٥، ٥٢٥ کوردستان میدیا: س.پ.

(٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار): س.پ، ل ل٣٦، ٥٢٥.

(٤) هـ.س، ل٢٢٠.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ (فەتاح کاویان)، کۆیە، ٢٠١٢/٥/٣١.

شاری مەهاباد تەواوکرد، بۆ تـەواوکردنی قۆنـاغی کۆتـایی خوێنـدنی دواناوەندیـشی ڕووی لـە شـاری تەبرێز کردووە[1].

شەرەفکەندی، لـە تەمـەنی منداڵیـەوە نیـشانەکانی زیرەکـی و بـەتوانایی تێـدا بـەدی دەکرێـت و سـەرکەوتوانە توانیویـەتی قۆناغـەکانی خوێنـدنی سـەرەتایی و دواناوەنـدی تـەواوبکات، زیرەکـی لـە خوێندندا بە جۆرێك بووە، کە لـە لایـەن هـاوەڵ و هاوپۆلـەکانی بـە بلیمـەت و پلـەی بـەرزی زیرەکـی بناسرێت، بۆ وێنە (فەتاح کاویان) وەك هاوتەمـەن و هـاوپۆلی قۆناغـەکانی خوێنـدنی سـەرەتایی، لـە بیرەوەری ئەو سەردەم و باسکردنی ژیانی قوتابخانەو ئاستی زیرەکـی ئـەودا، بەشـێوەیەکی سەرسـوڕمان باسی لێوەدەکات، کە تەنها یەك ساڵ پلەی دووەمی بەدەسـتهێناوەو سـاڵەکانی دیکـەی خوێنـدنی لـە پلـەی یەکـەم دابـووە. وێـڕای ئـەوەش زۆر بەکـەمی خـەریکی هـەڵگرتنی پـەرتووکی قۆناغـەکانی خوێندنیشی بووە[2]. ئەمـەش بەند بووە بەئاسـتی زیرەکـی یـەوە، بەشـێوەیەکی سروشـتیانەو دوور لـە فشارو زۆر لێکردن بۆ بڕین و تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن و خۆ پێ گەیاندنی. سەبارەت بە قۆنـاغی منداڵی، گادانی دەڵێت: " بەمنداڵی هەر ئەوەندەی لە خوێنـدن زیـرەك بـوو، لەگـەڕەکی خۆشـیان بـە بەدفەری ناسرابوو، زۆر عـەجوول بوو"[3]. دوای تـەواوکردنی قۆنـاغی خوێنـدنی دواناوەنـدی، دەچێـتە خانەی پێگەیاندنی باڵای مامۆستایان (دار معلمین عالی/ دانشسرای عالی) لە شـاری تـاران و، سـاڵی ١٩٥٩ سەرکەوتوانە تەواوی کردووەو بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە بواری کیمیادا بەدەست هێناوە[4].

---

(١) غەریب ڕۆژهەڵاتی: خوانی خەیانەت، بێشوێنی چاپ، بێساڵی چاپ، ل٣٣٦.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ (فەتاح کاویان)، کۆیە، ٢٠١٢/٥/٣١.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیـە، ٢٠١٢/٦/٥. (جـەلیل ئەحمـەد گـادانی سـاڵی ١٩٣٣ لـە مـەهاباد لەدایك بووە. ساڵی ١٩٤٨ بۆتە ئەندامی حدکا. لەماوەی ژیانی سیاسیدا شەش جار زیندانی کـراوەو سـەرجەم سـیانزە ساڵ لە زیندانیدا بووە. بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە زمانی فەرەنسی بەدەستهێناوە. سێ کتێبـی لەسـەر مێـژووی حـدکا بڵاوکردۆتەوە. ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ بەشێك لە ئەندامانی دیکەی ڕێبەری لە حدکا جیابونەوەو پارتێکی دیکەیان بـەناوی "حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر" دامەزراند، پاشـان لەسـاڵی ١٩٩٧ هاتـەوە نێـو ڕیزەکـانی حـدکا. ئێـستاکەش وەك کەسایەتیەکی سیاسیی لە خەبات بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوامە).

(٤) ئەحمەد مەکلاوەیی: مەشخەڵی ئازادیخوازی، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١١ سمایل شـەرەفی: س.پ، ل١١٢.

لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینە ڕوو، کەوا بێ دەرامەتیو دەست کورتیو هەژاری لە ژیانی دا، هەرچەندە ڕۆڵی زۆر نەبووبێت لە تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی دا، بەڵام کاریگەری تەواوی بەسەر جۆری هەڵبژاردنی خوێندنی دوای ئامادەییو دیاریکردنی وێستگەکانی ژیانی داهاتووی هەبووە، چونکە بە پێ ی نمرەکانی ئامادەیی لە کۆلێجی پزیشکی زانکۆی تاران وەردەگیرێت، بەهۆی بارگرانی ژیانو کەم دەرامەتی خێزانەکەی، بەناچاری ئەو خوێندنە ڕەت دەکاتەوەو دەیگۆڕێت بۆ خانەی مامۆستایان. لەم بارەشەوە، بۆ خۆی لە نامەیەکیدا باسی ئەو هەلومەرجەی کردووەو بۆ هەژاری برای نووسیوە: "...کە دوای دیپلۆم (شەشی ئامادەیی) وەرگرت، لە دانشتگای پزیشکی قبولْ کراوم، بەڵام چونکە عەبدوڵڵای برام دەستی باش ناڕواو پزیشکی مخارجو ماوەی زۆری دەوێ، وازم لێی هێناوەو لە دارول موعەللمینی بەرزدا دامەزراوم..."[1].

دوای تەواوکردنی خوێندن لە خانەی پێگەیاندنی مامۆستایاندا، وێستگەی ژیانی پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێو، لە ساڵی ١٩٥٩ تاکو ١٩٦٩ دەستی کردووە بە پیشەی مامۆستایەتیو، بە وتنەوەی وانەی (کیمیا) لە شارەکانی ورمێو مەهابادو بۆکان، ناوو ناوبانگێکی باشی بەدەست هێناوەو، لەسەردەستی ئەودا، چەندین خوێندکار پێ گەیشتوونو لە زانکۆکانی ئێراندا درێژەیان بە خوێندن داوە[2]. لەم بارەیەوە مستەفا هیجری دەڵێت: "ناسیاری دوراودووریی من لەگەڵ دکتۆر سادق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٦١-١٩٦٣، کە ئەو دوای تەواوکردنی خوێندنی لە دانشسرای عالی تاران وەك مامۆستای وانەی کیمیا لە شاری ورمێو لە قوتابخانەکانی ئەو شارە خەریکی وانە گوتنەوە بوو. لەوکاتەدا من لە دانشسەرای کشتوکاڵی ورمێ دەمخوێند. ناوبانگی ئەوم وەك مامۆستایەکی شارەزا، دڵسۆزو جیددی دەبیستەوە، چونکە ئەوکاتی ژمارەی مامۆستایانی کورد کە ئەو پلەی خوێندەوارییان هەبێو لە قوتابخانەکانی ورمێ وانە بڵێنەوە نەدەگەیشتنە ژمارەی پەنجەکانی دەستێکیش"[3]. هەر

---

(١) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار): س.پ، ل٥٢٥.

(٢) سلام عزیزی: سەفەری بێگەڕانەوە، داستانی کارەساتی میکونووس، بێشوێنی چاپ، ١٩٩٩، ل٣٠ لوقمان مێهفەر: میکۆنووس بکوژانی شەرەفکەندی ریسوادەکا، بێشوێنی چاپ، ٢٠٠٧، ل٦٥.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا هیجری)، کۆیە، ٢٠١٥/١/١٢. (مستەفا هیجری، ناوی تەواوی مستەفا محەمەد ئەمین ناسراو بە هیجری، ساڵی ١٩٤٥ لەشاری نەغەدە لەدایك بووە. لەزانکۆی تاران بکالۆریۆسی لە زمانو ئەدەبیاتی فارسی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٧٨ بۆتە ئەندامی حدکاو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران لە ساڵی ١٩٨٠دا کاندیدی

لەو ماوەیەداو لە ساڵی (١٩٦٨)دا[1]، لەگەڵ (نوسرەت خانم[2])، خێزانی پێك هێنـاوەو بۆتـە بـاوکی سێ منداڵ بە ناوەکانی: ( شاهۆ، رامین، سارا)[3] .

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ژیان بۆ ئەو بێ کێشەو گیروگرفت مەیسەر نـەبوو، چـونکە سیاسـەتی ڕژێمی شاهەنـشاهی ئێـران، لەسـایەی دیکتاتۆرییـەتی محەمـە ڕەزا شـا، لەبەرامبـەر گـەلانی ئێـران بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەجۆرێك پەیڕەوی لێوەکراوە، کە وا لـەپاڵ چەوساندنەوەو سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتیو... هتد، لە هەمان کاتدا دەستی کـردووە بـە گیروگرفـت نانەوە لەبەردەم پرۆسەی خوێنـدن لـە کوردسـتاندا. بـەجۆرێك سیاسـەتی ڕاگواسـتنو دوورخـستنەوەی مامۆستایانی کوردی لەنێوچە کوردنشینەکاندا پێڕەوکردووەو، لە شوێنیاندا مامۆستای فارسی دانـاوە. لەسـایەی ئـەم سیاسـەتەوە شـەرەفکەندیش لـە سـاڵی ١٩٧٠دا دوورخراوەتـەوە بـۆ شـاری تـارانو

---

حدکا بووە لەشاری نەغەدەو شنۆ. لە ریزەکانی حدکادا چەندین لێپرسـراویەتی جۆراوجـۆری بینیـوەو ئێـستە سـکرتێری گشتی حدکا یە).

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئیسماعیل بازیار)، کۆیە، ١٥/ ٩/ ٢٠١٤. (ئیـسماعیل عەبـدولرەحمان سـەعید ناسـراو بـە ئیسماعیل بازیـار سـاڵی ١٩٦١ لەشـاری مـەهاباد لـەدایك بـووە. سـاڵی ١٩٧٩ بۆتـە ئەنـدامی (حـدکا)و چـەندین بەرپرسیاریەتی جۆراوجۆری بینیوە تا پلەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەنـدی ئـەو حیزبـەو لەتێکۆشـانی حیزبـیو سیاسـیدا بەردەوامە. لەئێستادا مامۆستایە لە بەشی مێژووی زانکۆی کۆیە).

(٢) نوسرەت ئەیوبیان کچی حاجی سەیید عەبدوڵڵا ناسـراو بـە حـاجی سـەید عـەولا دەرمـانفرۆشو خـەڵکی شـاری مەهابادە، ئێستا لە شاری تاران دەژیو خانەنشینە، پێشتر پەرستار بووە. عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هـەژار): س.پ، ل٥٢٦ چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، ٢٠١٢/٥/٢٠.

(٣) کوڕە گەورەکەی (شاهۆ)، سەرەتا ناوی لێندراوە شاهێن، بەڵام هەژاری مامی بەناوی کێـوی کوردسـتان کردویەتیـە شاهۆ، کە دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاریەو وەك ئەندازیار لە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت لە شاری تـاران کـار دەکـات. کوڕەکەی دیکەی (رامین)، ئەندازیاری کۆمپیوتەرەو لە تاران کار دەکاتو ژیانی هاوسەریشی پێك هێنـاوە. کـچەکەشی (سارا)، کە منداڵی بچوکییەتی ئێستا لە ئەمریکایەو خەریکی خوێندنی دکتۆرایـە لـە بـواری کۆمپیوتـەردا، بڕوانـە: عەبـدولڕەحمان شـەرەفکەندی (هــەژار): س.پ، ل٥٢٦ چـاوپێکەوتن لەگـەڵ (عەبـدوڵڵا حەسـەن زادە)، کۆیـە، ٢٠١٢/٥/٢٠).

دەوروبەری‌و گوازراوەتەوە بۆ زانستگەی پێگەیاندنی باڵای مامۆستایان، وەك یاریدەدەرێك گوتنەوەی وانەی کیمیای پێ سپێردراوە[1].

لەڕاستیدا هۆکاری دوورخرانەوەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێك کە مامۆستا بوو لە شاری مەهاباد، هاوکات لەگەڵ چەند مامۆستایەکی کوردی قوتابخانەکانی ئەو شارە بزووتنەوەیەکی فەرهەنگییان پێك هێنابوو، کە تا ئەو کات کارێکی نوێ‌و دەگمەن بوو. لەم کارەشیاندا بەهەست‌و دڵسۆزیەوە بەکارو تێکۆشانێکی بێ وچان‌و دانانی بەرنامەی کاری زیاتر لە ئەرکی دیاریکراوی خۆیان توانیان کارێك بکەن کە ژمارەی قوتابیانی سەرکەوتوو لە تاقیکردنەوەکانی مەهابادو تەنانەت لە تاقیکردنەوەی گشتی بۆ وەرگرتن لە زانکۆی تاران‌و شارەکانی تری ئێران بە رادەیەکی بەرچاو و بێوێنە زیاد بکا[2]. بەڵام بەرپرسانی دەزگای (ساواك[3]) لە شاری مەهاباد کارو تێکۆشانی ئەو مامۆستایانەی وەك جولانەوەیەکی سیاسی بینی‌و بۆیە بڕیاری دوورخستەوەیانی دا بۆ شارەکانی ناوەندی ئێران، کەیەکێك لەو دوورخراوانەش شەرەفکەندی بوو[4]. لەقەڵەم دانی ئەو وەك کەسێکی سیاسی لەلایەن ساواکەوە لەو قۆناغدا لەسەر بنەمایەکی ناڕاست بووە، چونکە جگە لەوەی کە هەژار موکریانی برای وەك سیاسیەك بەشداربوو لە جولانەوەی کورد لە باشووری کوردستاندا، چالاکی فەرهەنگی شەرەفکەندی پەیوەندی بەکاری سیاسیەوە نەبووە، هیچ بەڵگەیەکی تەواو لەبەرەست دانیە بۆ سیاسیی بوونی شەرەفکەندی لەو قۆناغەدا، کە ڕەنگە زیاتر بەهۆی سیاسیی بوونی هەژار بوبێت نەك خۆی. هەرچەندە دوور خستنەوەی لە کوردستان، وێڕای کاریگەری بەسەر بارودۆخی ژیانیەوە، بەڵام کۆڵ نادات، چونکە خۆشەویستی بۆ

---

(١) ئەحمەد مەکلاوەیی: س.پ، ل١٢ غەریب ڕۆژهەلاتی: س.پ، ل٣٣٧.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا هیجری)، کۆیە، ٢٠١٥/١/١٢.

(٣) ساواك: (سازمان امنیت واطلاعات کشور/ ئاژانسی پاراستن‌و ئاسایشی وڵات) لە ساڵی ١٩٥٧دا ئێران بەهاوکاری ئەمریکاو بەریتانیا دروستی کردبوو، لەلایەن شاوە بایەخێکی زۆری پێدەدراو بەناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییەوە پارەیەکی بێ ئەژماری بۆ خەرج دەکرا. ئەو دەزگایە ترسێکی زۆری خستبووە دڵی هەموو کوردێك‌و زۆر بەتوندی مامەڵەی دەکردو کوردستانی کردبوو بەزیندان‌و ڕۆژ نەبوو خەڵك زیندانی نەکرێت‌و ئەشکەنجەو ئازاری دەستی ئەم دەزگایەی شای ئێرانی نەچێژێت. وەرگیراوەلە: (د. هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٧٩-١٩٨٩، لێکۆڵینەوەیەك لە دۆخی سیاسیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل ل ٣٤-٣٥).

(٤) غەریب ڕۆژهەلاتی: س.پ، ل٣٣٧.

پیشەکەی لە لایەك و، خۆبژێوی ژیان و بەدەستهێنانی پلەی بەرزتر لـە بوارەکـەی دا لەلایـەکی تـر، لـە خزمەتکردنی پیشەکەی بەردەوام بووە.

دوور خستنەوەی لە کوردستان، لە بارێکەوە بەباشە بۆی تـەواو بـووەو دەرفـەتی بـۆ ڕەخساندووە کەوا زیاتر خۆی پێ بگەیەنێت و داهاتوویەکی باشتر بۆ خۆی دەستەبەر بکات، چونکە کاتێك لـە تـاران و لە (زانستگەی پێگەیاندنی مامۆستایان) درێـژە بـەکاری مامۆسـتایەتی داوەو، شـارەزایی تـەواوی خۆی لەم بارەیەوە بەدەردەخات و شوێن پێی خۆی لەنێو ڕێچکەی ژیانی دوورخراوەیـی دەکاتـەوە، بـە جۆرێك کە وێرای درێژەدان بەکاری مامۆستایەتی و پاشان خوێنـدنی ماسـتەر لـە دانیشـسەرای عـالی تەواوکردو[1]، بەهۆی بەرزبوونی ئاستی نمرەکانی، لە ساڵی ١٩٧٢دا لەلایـەن وەزارەتـی زانـست (وزارە علوم)ی حکومەتی ئێرانیەوە کورسی (زەماله) خوێنـدنی لـە دەرەوەی وڵات بـۆ دابـین کـراوەو لەسـەر ئـەرك و خـەرجی حکومـەت، ڕەوانـەی وڵاتـی فەرەنـسا (پـاریس) کـراوە بـۆ تـەواوکردنی خوێنـدن و، بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە بوارەکەی خۆیـدا[2]. ناردنـە دەرەوەی بـۆ خوێنـدنی بـاڵا لەلایـەن حکومەتی ئێرانـەوە جگـە لـەوەی توانـاو زیرەکـی ئـەومان بـۆ دەردەخـات، هاوکـات دوورە پـەرێزی ئەویشمان لەکاری سیاسی لەوقۆناغدا بۆ دووپات دەکاتەوە.

کاتێك شەرەفکەندی لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٧٢-١٩٧٦) خوێنـدکاری دکتـۆرا بـوو لـە پاریـسی پایتەختی فەرەنساو، سەرکەوتوانە بڕوانامەکەی لە بواری کیمیای پیشەسازی لە زانکـۆی ژمـارە (٦)ی پاریس بەدەست هێنا[3]. هەر لەو ساڵەشدا (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە بـۆ ئێـران و، وەك مامۆسـتا بەپلـەی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) لـە بـواری کیمیـادا، لـە زانکـۆی پـەروەردەی مامۆسـتایان (تربیت معلم)ی شاری تاران وانەی وتۆتەوە[4]. لەڕاستیدا وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا لە فەرەنسا بـۆ ئـەوکات گرنگی زۆری لەسەر کەسایەتی ئەو هەبوو، چونکە وێـرای ئاشـنابوونی بـە کلتـوورو داب و نـەریتی ئـەو

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا هیجری)، کۆیە، ٢٠١٥/١/١٢.

(٢) لوقمان مێهفەر: س.پ، ل٦٥ تەلەفزیۆنی تیشك: کورتەیـەك لـەژیانی پڕبەرهـەمی دکتـۆر سـادق شـەرەفکەندی، ئەرشـیفی تۆمـاری ڤیـدیۆیی تەلـەفزیۆنی تیـشك لـە یوتـوب، https://www.youtube.com/watch?v=TBWZv٦٨RqZU

(٣) کریس کۆچێرا: س.پ، ل١١٣.

(٤) سلام عزیزی: س.پ، ل٣٠.

وڵاتەو فێربوونی زمانی فەرەنسی، لە هەمان کاتیشدا ئاشنایەتی لەگەڵ چەند کەسانێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیری ئەو وڵاتە پەیدا کردبوو، بۆ وێنە: لەگەڵ کوردناسانو ڕۆژهەڵاتناسانێکی وەك (تۆمابوا)و (جۆیس بلۆ[١]) ئاشنایەتیان هەبووەو یەکتریان ناسیوە[٢].

ئەمەش کۆتایی قۆناغێك لەژیانو دەسپێکی قۆناغێکی نوێ بوو، چونکە چوونی شەرەفکەندی بۆ وڵاتی فەرەنساو دەستکردن بە خوێندن لەو وڵاتەداو مانەوەی بۆ ماوەی چوار ساڵ، بۆتە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ئەودا، سەرەتایەك نەك هەر تەنها پلەی زانستیو ڕادەی خوێندەوارییەکەی بەرزکردۆتەوە، بەڵکو سەرەتایەکی گرنگ دەستی پێکردووە بە ناسینی (د.قاسملو[٣])ی سکرتێری

---

(١) جۆیس بلۆ کوردناسێکی مەزنی فەرەنسی یەو پرۆفیسۆرە لە بواری زمانو ئەدەبیاتی کوردیدا، لە ساڵی ١٩٦٥دا پلەی دکتۆرای لەمەڕ زمانی کوردی بەدەست هێناوە، هەنوکەش وێڕای ئەوەی سەرۆکی بەشی زمانو ئەدەبیاتی کوردیە لە زانکۆی سۆربۆن، چەند لێکۆڵینەوەیەکیشی لەسەر کورد ئەنجام داوەو لەم ساڵانەی دوایی یەکێکیان وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی. بۆ زانینی زیاتر بڕوانە: (پ.د. جۆیس بلۆ: دۆزی کورد لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی‌و سۆسیۆلۆجی، و: کارزان محەمەد، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤).

(٢) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار): س.پ، ل ٥٢٤، ٥٢٥، ٥٢٨.

(٣) ناوی تەواوی عەبدولڕەحمان کوڕی محەمەد ئاغای وثوق الدولەیەو لەنێو خەڵکی جیهان بەگشتی‌و کوردستان بەتایبەتی بە (د. قاسملو ناسراوە)، لە ١٩٣٠/١٢/٢٢ لەشاری ورمێ لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی لەورمێ‌و تاران تەواوکردووە. ساڵی ١٩٤٨ بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕووی لە پاریس کردوە، بەڵام بەهۆی خەباتو تێکۆشانی سیاسیی دژ بە شای ئێرانو بەشداریکردنی لە ڕیزەکانی خوێندکارانی حیزبی توودە لە پاریس، بەهۆی فشاری حکومەتی ئێران لە ساڵی ١٩٤٩ لەو وڵاتە دووردەخرێتەوە. ساڵی ١٩٥٢ بڕوانامەی بکالۆریۆسی لەزانستی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی لەزانکۆی (پراگ) بەدەستهێناوەو لەماوەی دەسەڵاتدارێتی (د.محەمەد مصدق ١٩٥١-١٩٥٣)دا بەنهێنی گەڕاوەتەوە بۆ ئێرانو بەدرێژایی پێنج ساڵ (١٩٥٢-١٩٥٧) تێکۆشانی سیاسی لە ئێرانو کوردستاندا ئەنجامداوە. بەهۆی هەلومەرجی دژواری سیاسی لەئێرانو کوردستان، ساڵی ١٩٥٧ گەڕاوەتەوە بۆ چیکۆسلۆڤاکیاو لە زانکۆی (پراگ)دا درێژەی بەخوێندن داوەو ساڵی ١٩٦٢ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی ئابووری وەرگرتووەو تا ساڵی ١٩٧١ مامۆستای ئەو زانکۆیە بووە. هەروەها لەساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٨ مامۆستای زمانو شارستانی کوردیی بووە لە زانکۆی (سۆربۆن) لە پاریس. لە ساڵی ١٩٧٣ەوە سکرتێری گشتی (حدکا) بووە تا تیرۆرکرانی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا لە ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٣دا، بۆ زیاتر بڕوانە: (هۆشمەند عەلی محەمود شێخانی: عەبدولڕەحمان قاسملو، ژیان و ڕۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا ١٩٣٠-١٩٨٩، توێژینەوەیەکی مێژوویی-سیاسیە، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٦-٣٠).

گشتی (حدکا) لەماوەی خوێندنی لەوێدا، کە پاشان کاریگەری تەواوی لە ڕێڕەوی وێستگەی تێکۆشانی سیاسییو دەرکەوتنی وەك کەسایەتییەکی سیاسیی لەنێو ڕیزەکانی (حدکا) بەتایبەتیو بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بەگشتی هەبووە.

**دووەم: کاری سیاسیی شەرەفکەندی لە (حدکا)دا ١٩٧٣- ١٩٨٩:**

سەرەتای کاری سیاسییو بە ئەندام بوونی لە (حدکا)دا بۆ ساڵی ١٩٧٣ دەگەڕێتەوە[١]، ئەو کاتەی کە سەرقاڵی خوێندنی دکتۆراکەی بووە لە پاریس، ئاشنایەتی لەگەڵ عەبدولڕەحمان قاسملوو پەیدا کردوەو، ڕاستەوخۆش پێوەندی فەرمی وەك ئەندام بە ڕیزەکانی ئەو حیزبەوە کردووە[٢]. کە کەسایەتی قاسملوو، هۆشیاری سیاسییو پەرۆشی بۆ دۆزی کورد کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەری هەبووە بۆ چوونە نێو کاری حیزبیو تێکۆشانی سیاسیی. لەم بارەیەوە عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەڵێت: "بێگومان کەسایەتیی د.قاسملوو شوێنەواری لەسەری داناوە، بەڵام لەوە زیاتر، وشیاریی سیاسیو ناسینی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوی بەرەو ئەندامەتیی حیزب پاڵ پێوە ناوە"[٣]. جگە لەوەش ژیانی لە فەرەنساو ئاشنابوونی بە دۆخی سیاسییو دیموکراتی لەو وڵاتە لەلایەکو، هەلو مەرجی سیاسیو نێوخۆیی ئێران لەلایەکی دیکەو پێشینەی کارو تێکۆشانی سیاسیی بنەماڵەکەیانو کورد پەروەری هەژاری برای، کاریگەریان بەسەر ئەو هەبووە بۆ چوونە نێو ژیانی سیاسییو کاری حیزبی.

دوای تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرا لە فەرەنساو گەڕانەوەی بۆ ئێران لە ساڵی ١٩٧٦دا، جارێکی دیکە بۆ دانشسەرای عالی تاران دەگەڕێتەوە، هەر لەوێدا وێڕای درێژەدان بەکاری مامۆستایەتییەکەی،

---

(١) کریس کۆچێرا: س.پ، ل٣٥٧ سەید ڕەزا درودگەر: س. پ، ل٤٩ جێی ئاماژەیە گادانی سەبارەت بە حیزبی بوونی ئەو دەڵێت: "تا ئەو کاتی لە فەرانسە کە بۆ خوێندن چووەو لەسەر دەستی دکتۆر قاسملوو بۆتە حیزبی، حیزبی نەبووە. زیاتر حەزی لە گولەزو رابواردنو خواردنەوە دەگەل ڕەفیقان بوە. هەرچەند بەشێك لە ڕەفیقەکانیو هاوپۆلەکانی وەك کەریم خامچیو عبداللە حیسامی حیزبی بوون، بەڵام ئەو کاری سیاسەتی نەکردوەو زیاتر بایەخی بە خوێندن داوە. ڕەنگە لەوە چاویان ترسابێ، کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان کاك هەژاری برا گەورەیان دەربەدەربوە. بەڵام زەینەب خانمی خوشکیان لەگەڵ ڕێکخراوی حیزبیو یەکێتی ژنان هاوکاری هەبوە". (چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل گادانی، کۆیە، ٢٠١٢/٦/٥).

(٢) لوقمان مێهفەر: س.پ، ل٦٥ ئەحمەد مەکلاوەیی: س.پ، ل١٢.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، ٢٠١٢/٥/٢٠.

لەهەمان کاتدا بە نهێنی وەك ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) تێکۆشانی سیاسیی‌و کارو ئەرکی حیزبی دەست پێکردووەو[١]، ئەرکی سەرپەرشتی‌و پێوەندی نێوان چەند تێکۆشەرێکی دێرینی (حدکا) لە نێوخۆی ئێرانو، د. قاسملوو لە ئەوروپای لە ئەستۆدا گرتووە[٢]، لەم بارەشەوە گادانی دەڵێت: " کە لە فەرانسە گەرایەوە بۆ تاران، لەگەڵ من پێوەندی هەبوو زۆر بەنهێنی، بەڵام لەراستیدا هەتا شا لە رووخان نیزیك نەبۆوە، زۆر دوورە پەرێز بوو، بەڵام دواتر چالاك بوو"[٣]. ئەمەش بە یەکەم کاری حیزبیی‌و تێکۆشانی سیاسیی ئەو دادەنرێت لە ڕیزەکانی (حدکا) بەتایبەتی‌و بزووتنەوەی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەگشتی، بەم شێوەیە درێژە بە تێکۆشانی سیاسیی دەدات لە نێوخۆی ئێران تا رووخانی ڕژێمی پاشایەتی پەهلەوی لە ساڵی ١٩٧٩دا.

لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە مێژووییەی ئێرانو بوژاندنەوەو دەست پێکردنی خەباتی سیاسیی ئاشکرای (حدکا) لە نێوخۆی ئێراندا، هەر زوو شەرەفکەندی دەگاتە ئاستی پلەی سەرکردایەتی لە ڕیزەکانی (حدکا)و، لە ساڵی ١٩٧٩دا بۆتە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیو، پاشان لە مانگی شوباتی ١٩٨٠و لە کۆنگرەی چوارەمی (حدکا) کە لە شاری مەهاباد گیرا، وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە[٤]، هاوکات بەرپرسیارییەتی کۆمیتەی ڕێکخستنەکانی (حدکا)ی لە شاری تاران پێ سپێردراوەو[٥]، وەك ئەندامێکی چالاکی (حدکا) لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی تاران تێکۆشانو چالاکی سیاسیی ئەنجامداوە[٦]. لەم قۆناغەش بەدواوە بۆ کاری حیزبی‌و وەك ناوی نهێنی،

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا هیجری)، کۆیە، ٢٠١٥/١/١٢.

(٢) سلام عزیزی: س.پ، ل٣٠ چاوپێکەوتن لەگەڵ (محەمەد نەزیف قادری)، ٢٠١٢/٧/١٢. (محەمەد نەزیف قادری کوڕی ئیبراهیم خەڵکی باسێگان لەساڵی ١٩٥٦ لەدایك بووە. ساڵی ١٩٧٩ بۆتە ئەندامی حدکاو چەندین پلەو بەرپرسیاریەتی جۆراوجۆری لەو حیزبەدا وەرگرتووە. لەئێستاشدا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدکاو نیشتەجێی شاری کۆیەیە).

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، ٢٠١٢/٦/٥.

(٤) سلام عزیزی: س.پ، ل٣١.

(٥) Farideh Koohi-Kamali: The Political Development of the Kurds in Iran, Pastorl Nationalism, First published by PALGRAVE MACMILLAN, ٢٠٠٣, P.٢١٠.

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ (محەمەد نەزیف قادری)، ٢٠١٢/٧/١٢.

ناوی لێ دەنرێت (سەعید[1])و دواتر نازناوی (بەدەڵ[2])یشی بۆ زیاددەکرێتو، بەمەش ناوی حیزبیو سیاسیی دەبێتە (د. سەعید بەدەڵ).

لەم قۆناغە مێژووییەی ئێرانو هەوڵە سیاسییەکانی سەرکردایەتی کوردو (حدکا) بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی حکومەتی نوێی ئێرانو، دوای هاتنە پێشی چەند پێشهاتێکی سیاسییو گرژبوونی پێوەندیە سیاسییو سەربازییەکانی نێوان کوردو ڕژێمی نوێی ئێران، بەتایبەتی دوای ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانی کوردو پێداگیری ڕژێمی نوێ بە نەسەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی دروشمی (دیموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان)، لەسەر داوای سەرکردایەتی (حدکا)، شەرەفکەندی لە هاوینی ساڵی ١٩٨٠دا شاری تاران جێ دەهێڵێو دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانو[3] درێژە بە تێکۆشانی سیاسی دەدات. لەگەڵ گەڕانەوەشی بۆ کوردستانو هاوکات لە پاییزی هەمانساڵداو لە پلینیۆمی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا)دا، بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراوە[4].

شەرەفکەندی زۆر زوو ولەماوەیەکی کەمی تێکۆشانی سیاسیی لە نێو ڕیزەکانی (حدکا)دا پلەکانی حیزبی بڕیوە، هەرچەندە ئەوە ناسراوییو تواناو لێوەشاوەیی ئەو دەردەخات، بەڵام بە بڕوای

---

(١) شەرەفکەندی کاتێك لە ساڵی ١٩٨٠دا لەشاری تارانەوە بۆ شاری مەهاباد بەڕێگاوە دەبێت، بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی چوارەمی (حدکا)، بەر لەوەی بگاتە بارەگای دەفتەری سیاسیی لە ناوچەی (سەرشاخان)ی دەوروبەری شاری مەهاباد، لەڕێگادا لەلایەن عەبدوڵڵا حەسەن زادەوە پێشنیاری ئەوەی بۆ کرا ناوی (سەعید) وەك ناوێکی نهێنی بۆخۆی هەڵبژێرێت، تا دواتر کە گەڕایەوە شاری تاران گیانی پارێزراوبێت، ئەویش پەسندی دەکاتو بەمەش ناوی دەبێتە (دکتۆر سەعید). (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کۆیە، ٢٠١٢/٥/٢٠).

(٢) بۆیەکەمین جار ئەو نازناوە لەلایەن فەتاح کاویان بۆی بەکارهاتووە، کاتێك کە شەرەفکەندیو عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەشاری مەهابادەوە دەگەنە بارەگای مەکتەبی سیاسیی، حەسەن زادە بە ئامادەبوان رادەگەیەنێت ئەو هاوڕێ تازەمان ناوی د. سەعیدە، فەتاح کاویانیش کە هاوڕێی قۆناغەکانی منداڵیەتی لە مەسەلەکە تێ دەگات بۆیە دەڵێت بەڵێ وایە ئەوە (بەدەڵ)ە سەعید بەدەڵ، بەواتای ناوی نارەسەن. (چاوپێکەوتن لەگەڵ فەتاح کاویان، کۆیە، ٢٠١٢/٥/٣١).

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، ٢٠١٢/٦/٥ تەلەفزیۆنی تیشك: س.پ.

(٤) سلام عزیزی: س.پ، ل٣١ چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا هیجری)، کۆیە، ٢٠١٥/١/١٢.

ئێمە ئەوە پەیوەندی بە چەند هۆکارێکی کەسیو ڕووداوەکانی نێوخۆی (حدکا)وە هەبوو، کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:-

١- کەسێتی شەرەفکەندیو ئاستی زانستی وەك هەڵگری بڕوانامەی دکتۆراو زانینی زمانی بیانیو زیرەکیەکەی، ڕۆڵی خۆی گێڕاوە بۆ هەڵکشانی زووی ئەو لە پلە حیزبییەکاندا، بەتایبەتیش پەیوەندیو دۆستایەتی نزیکی لەگەڵ د.قاسملووی سکرتێری گشتی (حدکا)، زیاتر زەمینەی ئەوەی بۆ ڕەخساندبوو.

٢- بوونی کێشەی نێوخۆیی لە ڕیزەکانی (حدکا) و بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٨٠دا، کاتێك باڵێکی ئەو حیزبە جیابوونەوەی خۆیان لە ژێر ناوی (حدکا- پێڕەوانی کۆنگرەی چوار[1]) ڕاگەیاند، ئەمەش بۆشایی حیزبیو سیاسی زیاتری لە ڕیزەکانی (حدکا) لەئاستی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیدا دروستکرد، لەهەمان کاتدا دەرفەتی زیاتری بۆ تێکۆشەرانی نوێ ڕەخساند پلەی بەرزتر بەدەست بهێنن، کە یەك لەوانەش شەرەفکەندی بوو، ئەوە جگە لەوەی کە هاوکاتی قەیرانو کێشە نێوخۆییەکانی حیزبی، لە بەرەی باڵی (د.قاسملوو)دا بەرگری کردووەو سووربوونی خۆی بە درێژە پێدانی تێکۆشانی سیاسییو حیزبی لەبەرامبەر ڕژێمی نوێی ئێرانو باڵی جیابۆوەی (حدکا) دووپات کردۆتەوە.

دوای ئەوەی شەرەفکەندی لە ساڵی ١٩٨٠دا دەگاتە پلەی ئەندامی دەفتەری سیاسیی، ئەرکو لێپرسراویەتیشی زیاتر دەبێتو چەندین بەرپرسیارییەتی جۆراوجۆری پێ سپێردراوە، وەك: بەرپرسی ڕادیۆی دەنگی کوردستان، بەڕێوەبردنی چاپەمەنیو ڕۆژنامەی کوردستان (ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی

---

(١) باڵی جیابۆوەی (حدکا- پێڕەوانی کۆنگرەی چوار) بە سەرکردایەتی (غەنی بلوریان)ی تێکۆشەری دێرینی نێو ڕیزەکانی (حدکا)و، بەهۆی نزیکیو پێوەندی سیاسیی لەگەڵ حیزبی توودەی ئێرانو، لە ژێر ئەو باوەڕەی کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانو خودی خومەینی لەڕێی خەباتی دیموکراتیو سیاسییەوە مافی کوردو نەتەوەکانی تری ئێران دەستەبەردەکاتو، بەپێچەوانەی باڵی د.قاسملوو هەڵگیرسانو درێژەپێدانی خەباتی چەکداری لەبەرامبەر ئەو ڕژێمەیان ڕەتکردەوە، لە ساڵی ١٩٨٠دا دایانە پاڵ ڕژێمو جیابوونەوەی خۆیان لە باڵی قاسملوو ڕاگەیاند، بەڵام ڕووداوە مێژووییو پێشهاتە سیاسیەکانی دواتر دەری خست کە چەندە هەڵە بووینە لە بۆچوونیان بەرامبەر بەو ڕژێمەو، لەسەر دەستی ئەو ڕژێمەو بەبڕیاری خودی خومەینی، توودەییەکانو باڵی (بلووریان) لە ساڵی ١٩٨٣دا دووچاری ڕاوەدوونانو پەرتەوازەیی سیاسییو قەدەغەکردنی تێکۆشانیانیان لە ئێراندا ڕاگەیەندرا. بۆ زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (د. هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان...، س.پ، ل ل٢٠٧-٢٢٥).

حدکا)[1] . هەروەها بەرپرسیاریەتیی کۆمیسیۆنی تەشکیلات (ڕێکخستن) لەساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٤، بەرپرسیاریەتیی پێوەندی یەکان لە فەرەنسا بۆ ماوەی شەش مانگ لە ساڵی ١٩٨٢داو بەرپرسیاریەتیی بەشی تەداروکاتی (لۆجیستی) پێشمەرگە بۆ ماوەیەکی کەم، بەڵام زیاتر بەرپرسیاریەتی رادیۆو چاپەمەنی لەئەستۆدا بوو[2]. لەبواری نووسینیشدا نووسەرێکی لێهاتوو بوو، بابەتو نوسراوی زۆری بۆ ڕۆژنامەی کوردستان (ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا)و بۆ ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران (ڕادیۆی حدکا) نوسیوە، زۆرجاریش پێداچوونەوەی بۆ بابەتو نوسراوەکانی نوسەرانی تریش کردووە[3]. لەم بارەیەوە خەدیجە مەعزوور دەڵێت: "ئەوکات کە دکتۆر شەرەفکەندی بەرپرسی رادیۆ بوو، رادیۆ لە بواری نێوەرۆکەوە پێشکەوت، بابەتەکانی شەرەفکەندی هەمووی بابەتی ڕۆژ بوونو زۆریش زاڵ بوو بەسەر بابەتەکانی چ لەبواری محتەواو زانیاریو چ لە بواری نەخشاندنی وشەکان لە بابەتەکانی دا. شەرەفکەندی هەمیشە بەدواداچوونی هەبوو لەسەر مەسەلە گرینگەکانی دنیاو هەر گەرماو گەرم لەسەر مەسەلەکانی رۆژ ئاگاییو روون کردنەوەو زانیاری دەدا بەخەڵكو لاوانو روناکبیران، لەهەموو بوارێکدا دەینووسی، چ بۆ ڕادیۆ چ بۆ ڕۆژنامەی کوردستان"[4].

لەڕاستیدا ئەو وەك بەرپرسی دەزگای چاپەمەنی (حدکا) بەنووسینو بڵاوکردنەوەی دەیان وتارو بابەتی زانستیو کۆمەڵناسانە لەسەر ناوەڕۆکی واقیعی ڕژێمی ئێرانو کۆمەڵگای کوردستان،

---

(١) ئەحمەد مەکلاوەیی: س.پ، ل١٥٨  کوردستان میدیا: س.پ  تەلەفزیۆنی تیشك: س.پ.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئیسماعیل بازیار)، کۆیە، ١٥/ ٩/ ٢٠١٤.

(٣) قادر وریا: کوردستان سەنگەرێکی دیکەی تێکۆشانی ڕێبەری شەهیدمان، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە (١٥٢)، خەرمانانی ١٣٧٢. بۆ خوێندنەوەی بەشێك لەوتارەکانی کە لەڕۆژنامەی کوردستانو ڕادیۆی دەنگی کوردستانی (حدکا) بڵاوکراونەتەوە، بڕوانە: (کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی ١٣٦٢-١٣٦٨، بەبۆنەی ١٠ ساڵەی شەهید بوونیەوە، پێداچوونەوە: مستەفا مەعرووفی، خەرمانانی ١٣٨١هەتاوی/ سێپتامبری ٢٠٠٢ی زایینی).

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەدیجە مەعزوور)، کۆیە، ٢٠١٤/١٢/٢٧. (خەدیجە محەمەد ساڵی ١٩٦١ لە شاری شنۆ لەدایك بووە. ساڵی ١٩٧٩ بۆتە ئەندامی حدکاو لەساڵی ١٩٩٧ەوە تا ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی یە. بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە یاسادا هەیە. بۆماوەی ساڵانێکی زۆر ئەندامی کۆمیسیۆنی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بووەولەگەڵ شەرەفکەندی کاری کردووەو لەنزیکەوە ناسیویەتی).

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌و چینایەتیی کوردستان، پێگەی چینایەتی (حدکا)و مەسەلەی نەتەوایەتی، لەڕێگای ڕۆژنامەو رادیۆوە لەلایەك بەرگری لەڕێبازی سیاسی (حدکا) کردوەو هەڵوێستی ئەوی لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی وەك کێشەی سەرەکی کۆمەڵگای کوردستان تیۆریزە کردو، لەو ڕێگایەشەوە هانی لاوانی کوردی دەدا بۆ پتر ئاشنابوون بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان(١).

لە شووباتی ١٩٨٢دا لە گوندی (شیوەجۆ(٢))، لەسەر مێژوو وجوڵانەوەی نەتەوایەتی کورد کتێبێکی نوسیوو پاشان لە ساڵی ١٩٨٤دا بڵاوکرایەوە بەناونیشانی (تأریخچە جنبشهای ملی کرد، از قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهانی دوم)(٣) . ئەم بەرهەمەی لەڕووی نوسینەوەی مێژووییەوە سادەو ناتەواوەو کەم‌و کوڕی تێدایە، بەڵام بەگشتی بۆ کاتی خۆی کارێکی بەسوود بوو، بەتایبەتی بۆ کادیرو پێشمەرگەکانی (حدکا) تا لەڕێیەوە زانیاری گشتی مێژوویی تایبەت بە جوڵانەوەکانی کورد بزانن. شایانی باسە ئەم بەرپرسیاریەتی‌و ئەرکانەشی لەو قۆناغدا سەخت‌و دژوارو ماندوکەر بوون، چونکە لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٤ لە خەباتی سیاسیی‌و سەربازی (حدکا) بەتایبەتی‌و، بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەگشتی، کە شەرەفکەندی چالاکانەو بەرپرسیارانە تێیدا بەشداربوو، قۆناغی سەختی خەبات‌و تێکۆشانی سیاسیی‌و سەربازی گەرم بوو لە بەرامبەر ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

---

(١) سمایل بازیار: کاك سەعید سیمای تێکۆشەرێکی نەتەوەیی‌و چەپێکی دێموکرات، تیشك (گۆڤار)، گۆڤارێکی سیاسیی- ڕۆشنبیری گشتی یە، ساڵی پێنجەم، ژمارە (١١)، بڵاوکراوەی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕەزبەری ١٣٨١ھ، ل٩.

(٢) کە بنکەی دەفتەری سیاسیی (حدکا)ی لێ بوو، ئەو گوندەی کە کەوتۆتە ناوچەی ڕەبەت لەنێوان شارەکانی (مەهاباد، ڕەبەت‌و سەردەشت)و پێی دەگوترا دۆڵی دیموکرات.

(٣) سعید بدل: تأریخچە جنبشهای ملی کرد، از قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهانی دوم، تایپ‌و تکشیراز: انتشارات وتبلیغات کمیتە مرکزی ح.د.ك. ایران، آبانماه ١٣٦٣ھ بۆ شیکاری ناوەرۆکی ئەم کتێبە بڕواننە: (سۆران عەلیپوور: ئاوڕدانەوەیەك لەکتێبە مێژووییەکەی د.سادقی شەرەفکەندی، شەممە٢٠١٢/٩/٢٢، http://www.peshmergekan.com/kurdish/index.php/babetekan/babet/١٤٩٥-hewalekan) مێهدی مێهرپەروەر: ڕوانگەی دکتۆر سەعید دەربارەی مێژووی کورد، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە (٥٩١)، یەکشەممە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩١-١٦ی سێپتامبری ٢٠١٢، ل٩.

دەبینرێت بەهۆی لێهاتوویی و سەرکەوتنی لەکارەکانیدا و، هاوکات سووربوونی لە بەردەوامی بوونی لە خەباتی سیاسیی و تێکۆشانی حیزبیدا، بۆتە هۆی ئەوەی پلەی بەرپرسیاریەتی بەرزتر بکرێتەوەو لە کۆنگرەی (٥)ی (حدکا) لە ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٤ بووە بە جێگری سکرتێری گشتی (حدکا)[١]، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٦-١٩٨٩دا جارێکی تر ئەو بەرپرسیاریەتیەی وەرگرتووە[٢]. لەماوەی ساڵانی تێکۆشانی سیاسیی (١٩٨٦-١٩٨٩) وەك جێگری سکرتێری گشتی (حدکا)، ئەرك و بەرپرسیارییەتی زیاتری کەوتۆتە ئەستۆو قۆناغی هەورازوو نشێوی بڕیوە. بەهۆی ئەو بەرپرسیاریەتەشی لەکاری حیزبیدا، ڕۆڵ و کاریگەری ئەو زیاتر بەدەردەکەوێت لەنێو ڕووداوو پێشهاتە سیاسییە گرنگەکانی نێوخۆی (حدکا)و، بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەسەر ئاستی پێشهات و کێشە نێوخۆییەکانی (حدکا)دا، دەبینین کاتێك کە ئەو حیزبە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨دا بۆ جارێکی تر دووچاری لێك ترازان و جیابوونەوەی باڵێکی نێوخۆیی دەبێتەوە لە ژێر ناوی (حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر[٣])، ئەوا باڵی جیابۆوە زۆرتر هێرشی سیاسیی و ڕاگەیاندنی دژ بەرامبەر بە شەرەفکەندی، کە وەك لایەنێکی سەرەکی کێشەکە سەیری کراوەو، لە بڵاوکراوەو ڕاگەیاندنەکانی خۆیاندا هێرشی توندیان کردۆتەسەر، تەنانەت پێش قاسملووشیان خستووەو ئەوانیان بە

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئیسماعیل بازیار)، کۆیە، ١٥/ ٩/ ٢٠١٤.

(٢) سلام عزیزی: س.پ، ل٣١ لوقمان مێهفەر: س.پ، ل ل٦٥، ٦٦.

(٣) (حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر) لە ٢١ی ئازاری ١٩٨٨داو لە قۆناغێکی مێژوویی دژواری خەباتی سیاسیی- چەکداری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەشێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرانی (حدکا) بەڕێبەرایەتی جەلیل گادانی لەبەیاننامەیەکدا جیابونەوەی خۆیان لەو حیزبە لەژێر ناوی (حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر)ڕاگەیاندو، لە ڕاگەیەندراوەکانیشیاندا بەرامبەرەکەیان بە فراکسیۆنی (شەرەفکەندی- قاسملو) ناوزەند دەکرد. بۆ زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (د. هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان ....، ل ل٢٢٥-٢٤١).

فراكسیۆنی (شەرەفكەندی- قاسملوو) ناوزەند كردووە[1]. دیارە گرژیو ئالۆزی لە پەیوەندیەكانیاندا بۆ چەندین ساڵ هەر درێژەی هەبوو[2].

لەلایەكی دیكەوە نێوخۆییەكانی (حدكا) لەو قۆناغەدا، هەر بەتەنها هۆكارەكەی شەرەفكەندی وەك جێگری سكرتێری گشتی نەبوو، بەڵكو ئەو كێشانە پێوەندیان بەچەندین هۆكاری ترەوە هەبوو[3]، بەڵام گومانیشی تێدا نیە كە شەرەفكەندیش لەو ئاستو بەرپرسیاریەتیەی كە هەیبوو، بەشێك بوو لە كێشەكانو، تا ئاستێك ڕۆڵی نەرێنی گێڕاوە لە چارەسەر نەكردنی كێشەكاندا، چونكە تا كۆتایی تەمەنی لەگەڵ ئەو باڵە جیابۆوەی (حدكا)دا پێوەندییەكانی هەر بەخراپی لەگەڵیاندا مایەوە، كە ئەو هەڵوێستەشی لەچوارچێوەی سیاسەتی گشتی سەركردایەتی (حدكا)دا بوو. لەبارەی هەڵوێستی ئەو بەرامبەر بە (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر) عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەڵێ: "بەرامبەر بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، دكتۆر شەرەفكەندی بیروبۆچوونێكی وای نەبوو كە بكرێ ناوی روانگەی تایبەتی لەسەر دابنرێ. بەگشتی ئەو لە بەرگری لە هەڵوێستەكانی حیزبدا شێلگیرو جاروبار توند بوو. بەڵام بۆچوونی گشتیی وی لە چوارچێوەی سیاسەتی تێكڕای كۆمیتەی ناوەندی زیاتر نەبوو"[4]. هەروەها گادانی دەڵێت: "بەڵام با لێرەدا ئەوە بڵێم هەر لە منداڵیەوە زۆری حەز لە ئاژاوەو ناكۆكی نانەوە بووە. ئەو خەسڵەتەشی تێدامابوو، زۆریش بەهێزبوو. ئەو خەسڵەتەی لە منداڵیەوە هەر تێدابوو. زۆرجار بۆخۆشی باسی ئەوانەی دەگێڕاوە[5]". لەوەشدا بەو ڕاستیە دەگەین كە ئەویش بێلایەن نەبووە لەكێشە نێوخۆییەكانی حدكاو، بەڵكو بەشێكیش بووە لەو كێشانە، تەنانەت لە لێكترازانیش ڕۆڵی بینیوە.

---

(١) كوردستان (ڕۆژنامە): هەڵوێست گرتنی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، بەیاننامەی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر ١٣٦٧/١/١، كوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی كومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، ژمارە (١٣٤)، جۆزەردانی ١٣٦٧- ژوئەنی ١٩٨٨، ل١، ل٣-٤.

(٢) كوردستان (ڕۆژنامە): باندی شەرەفكەندیو مەسەلەی ڕووخانی ڕێژیم، كوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی كومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، ژمارە (١٤و١٥)، دەورەی سێهەم، ڕەزبەر- خەزەڵوەری ١٣٦٨- ئۆكتۆبر-نوامبری ١٩٨٩، ل ل١، ٥.

(٣) بۆ هۆكارەكانی جیابونەوەی (حدكا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر)، بڕوانە: (د. هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی كوردستان ...، ل ل٢٣٠-٢٣٤).

(٤) چاوپێكەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، كۆیە، ٢٠١٢/٥/٢٠.

(٥) چاوپێكەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، كۆیە، ٢٠١٢/٦/٥.

## سێیەم: تێکۆشانی سیاسیی لە ڕابەرایەتی کردنی (حدکا)دا لەساڵی ١٩٨٩ تا ١٩٩٢:

دوای تیرۆرکرانی قاسملوو (١٣ی تەمموزی ١٩٨٩)، بۆ ڕۆژی دوایی و لە بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی (حدکا)دا، کە بە هۆی ئەو کۆستە گەورەیەوە بڵاوکرایەوە، هاوکات لەگەڵیشیدا ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو، کە شەرەفکەندی جێگری سکرتێری گشتی ئەنجامدانی هەموو ئەرکەکانی سکرتێری گشتیی لە ئەستۆدایە[١]. پاشان لە پلینیۆمی پاییزی کۆمیتەی ناوەندی کە لە مانگی (تشرینی یەکەمی ١٩٨٩)دا بەسترا، بەتێکرای دەنگ محەمەد سادق شەرەفکەندی بەفەرمی وەك سکرتێری گشتی (حدکا) هەڵبژێردرا[٢]. وەك کریس کۆچیرا دەڵێت: "ڕووناکبیرێك هاتە جێگای ڕووناکبیرێکی دیکە[٣]". بەمەش سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشانی سیاسیی ئەودا دەست پێدەکات، ئەو ماوەیەش هاوکاتە لەگەڵ قەیران و پێشهاتە سیاسی و گۆڕانکارییە هەرێمی و نێوخۆییەکان، کە هەریەك لەم ڕووداوە مێژووییانە کاریگەری کردۆتە سەر کارو تێکۆشانی سیاسیی شەرەفکەندی لە ڕێبەرایەتی کردنی (حدکا)دا.

شەرەفکەندی بۆ جاری دووەم و لە کۆنگرەی (٩)ی (حدکا) بەناوی (کۆنگرەی قاسملوو)، کە لە (٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٩١)دا کە لەگەڵی بەدرانی ناوچەی ناودەشتی باشووری کوردستان بەسترا، سەرەتا وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشان لەنێو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیدا وەك سکرتێری گشتی هەڵبژێردرایەوە[٤]. بەڵام بەشێك لەوانەی کە بەشداری ئەو کۆنگرەیەیان کردووە، ڕەخنەی ئەوە

---

(١) بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی بەبۆنەی تیرۆرکرانی دکتۆر قاسملووی شەهیدەوە، وەرگیراوە لە: (کاوە بەهرامی: دکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مۆدێرن و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات، بێشوێنی چاپ، بێساڵی چاپ، ل٢٢٢).

(٢) عبداللە حسن زادە: نیوسەدە تێکۆشان، لە کتێبی (کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)، کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بێشوێنی چاپ، ٢٠٠٢، ل٥٧٥.

(٣) کریس کۆچیرا: س.پ، ل٣٥٧. شەرەفکەندی جگە لەزمانی کوردی، زمانەکانی فارسی و فەرەنسی زۆر بەباشی دەزانی، هەروەها بەردەوام سەرقاڵی خوێندنەوە و نوسین بوو. لە شاخ و کێوەکانی کوردستان بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی نوسراوەکانی پارتەکان و کتێبە تازەکانی دەخوێندەوە، تەنانەت لە فەرانساوە بەهۆی دۆستەکانی گۆڤارە فەرەنسییەکانی وەك: "لۆمۆند" و "نۆبزیرواتۆر"ی بۆ دەهات، (چاوپێکەوتن لەگەڵ خەدیجە مەعزوور، کۆیە، ٢٠١٤/١٢/٢٧).

(٤) عبداللە حسن زادە: س.پ، ل ل٥٨٦، ٥٨٨ لوقمان مێهفەر: س.پ، ل٦٧ Farideh Koohi-Kamali: Op., Cit., P. ٢١٠

له شەرەفکەندی دەگرن کەوا هەوڵی داوە جیاوازی بکات لەنێو کادیرو ئەندامانی کۆنگرەو، بەجۆرێك ئەوەی لێوەی نزیك بووبێت هەوڵی داوە لە هەڵبژاردنی نێوکۆنگرەدا بۆ ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی پاڵپشتیان لێوە بکاتو، بەپێچەوانەشەوە هەوڵی دوور خستنەوەو دەرنەچوونی ئەوانی تری داوە(1). هەرچەندە ئەمە دیاردەیەکی نوێو داهێنانی ئەو نەبوو، بەڵکو لەمێژووی ڕابردوو و ئەوکاتو دواتریش لە نێو ڕیزەکانی (حدکا)دا بوونی هەبووەو، بەردەوامیش ناڕەزایی ناوخۆیی حیزبی بەدوای خۆیدا هێناوە.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە کەسێتی شەرەفکەندیو چۆنیەتی هەڵسوکەوتی لە ڕێبەرایەتی کردنی (حدکا)دا، بە پێویستی دەزانین بۆچوونی چەند هاوڕێو هاوڕێبازێکی بخەینەڕوو، کە ڕووی ڕاستەقینەی کەسێتی ئەو پیشان دەدەن لە ڕێبەرایەتی کردنی (حدکا)و تێکۆشانی سیاسیی لە بزووتنەوەی کوردایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەڵێت: "پیاوێکی تا بڵێی زیرەكو بەهۆش بوو. لەکاری خۆی دا زۆر بە بەرنامەبوو، توانای بەڕێوەبەری زۆری هەبوو، مرۆڤێکی بەبڕشت بوو، لەکاتی تەنگانەو سەخڵەتی دا ئازاو بەورە بوو. زۆر پڕکارو خولیای لە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە بوو. جاروبار زیاد لەرادەی پێویست توندبوو، تووڕە دەبوو. لەسەر ئەوە هێندێ جار هاوڕێیانی حیزبی دڵیان لێی دێشا. لەو حاڵانەش دا ئەو ئازایەتی یەی تێدابوو ئەگەر خەتایەکی بووبێ دانی پێدابنێو داوای لێبووردن بکا. لەبواری سیاسیو فکری دا خێرا بەرەوپێش دەچوو وئومێدی ئەوەی لێ دەکرا ببێتە ڕێبەرێکی زۆر لێوەشاوە، کە بەداخەوە شەهیدبوونی بەناوەخت ماوەی پێنەدا"(2).

هەر سەبارەت بە ڕێبەرێتی شەرەفکەندی مستەفا هیجری دەڵێت: "بێگومان وەکو هەموو مرۆڤێك بێ کەمو کوڕی نەبوو، بەڵام لەبەرانبەردا خاوەنی هەندێك تایبەتمەندی بەرزی شۆڕشگێرانە بوو کە لە هێندێك کەسایەتی دیکە جیای دەکردەوە، یەکێك لەو تایبەتمەندییانە بێ پێچو پەنا بوونو قسە لەروو بوونی بوو، کە لەنێو هاوڕێیانی حیزبیدا زۆر کەسی تورە کردبوو"(3). هەروەها گادانی دەڵێت: "کەسایەتیەکی وردو وریاو زیرەك بوو، درەنگ دەستی بەکاری سیاسی کرد، بەڵام کە دەستی دایە

---

(1) هەیاس کاردۆ: ئاورێك لە ژیانو خەباتی عەبدوڵڵا حەسەن زادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر، ٢٠١١، ل ل٥١٣، ٥١٥ تەیموور مستەفایی: لە چیاکانی زاگرۆسەوە، بێشوێنی چاپ، ٢٠٠٦، ل ل٣٢٢، ٣٢٣.

(2) چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، ٢٠١٢/٥/٢٠.

(3) چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا هیجری)، کۆیە، ٢٠١٥/١/١٢.

بەتایبەتی ئەوکاتی کە مامۆستایەتی زانکۆو ژیانی خۆیی‌و ماڵو منداڵی بەجێهێشت‌و هاتەشاخ، زۆر جیددی‌و پیاوانە هات‌و گەرانەوەو دوودڵی نەبوو"[١]. لەبارەیەوە نوسراوە کە: "ئینسانێکی زیرەك، زانا، ئازا، مدیرو بەورەو بەئیمان‌و تێکۆشەرێکی لێوەشاوەو بەوەج‌و ماندوویی نەناس بوو بەڕاستی جێنشینێکی هەڵکەوتوو بۆ ڕێبەرێکی هەڵکەوتووی لەدەست چوو بوو، بێ ئەملاو ئەولا یەکێك لەو ڕێبەرە سیاسیانە بوو کە گەلی کورد حەقی بوو شانازییان پێوە بکاو هیوایان پێ ببەستێ. بێگومان هەر ئەو تایبەتمەندی یانەش بوونە هۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی رقی لێ هەڵگرێ‌و پیلانی لەنێوبردنی بۆ دابرێژێ کە بەداخی گرانەوە تێی دا سەرکەوتوو بوو"[٢].

کەواتە شەرەفکەندی لە ڕێبەرایەتی کردنی (حدکا)دا وەك سکرتێر لە کاروباری سیاسیی‌و حیزبیدا زۆر چالاك‌و وردبین‌و خاوەن بۆچوون بوو، لەسەر بنچینەکانی سیاسەتی (حدکا) بە ڕێگەی سمینارو نووسین‌و روونکردنەوەو بۆچوونەکانی خۆی بەیان کردووە[٣]، بەڵام بۆخۆی قوتابخانەیەکی فکریی تایبەتیی نەبوو. وەك هاوبیرو هاوسەنگەرەکانی خۆی بە قوتابی پێشەوا قازی محەمەدو د.قاسملوو دەزانی[٤]. لەگەڵ ئەوەشدا وەك سیاسییەکی شارەزا لەسەر پرسە سیاسییە جۆراوجۆرەکان زۆر جار جیاوازیی بیروبۆچوونی لەگەڵ هاوڕێیانی دیکەی هەبوو، هەم وەك روناکبیرێکی کوردو هەم وەك یەکێك لە داڕێژەرانی ڕێبازو سیاسەت‌و هەڵوێستەکانی (حدکا) سەربەخۆ بیری دەکردەوەو خاوەنی دیدگاو هەڵوێستی خۆی بوو[٥]. تەنانەت هێندێك جار بۆچونەکانی دژی قاسملووش بوو[٦]، بەڵام ئەمە پێی ناگوترێ هێلی فکری‌و سیاسی تازەونوێ.

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، ٢٠١٢/٦/٥.

(٢) لوقمان مێهفەر: س.پ، ل٦٦.

(٣) لەم بارەیەوە بڕوانە: (کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی ١٣٦٢-١٣٦٨، بەبۆنەی ١٠ ساڵەی شەهید بوونیەوە، پێداچوونەوە: مستەفا مەعرووفی، خەرمانانی ١٣٨١هەتاوی/ سێپتامبری ٢٠٠٢ی زایینی).

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، ٢٠١٢/٥/٢٠.

(٥) سمایل بازیار: س.پ، ل٧.

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، ٢٠١٢/٦/٥.

بەگشتی شەرەفکەندی ماوەی سێ ساڵ زیاتر (١٩٨٩-١٩٩٢) سکرتێری گشتی (حدکا) بووەو، لەو ماوەیەشدا زۆر باش کاروباری حیزبیو سیاسییو سەربازی ڕاپەڕاندووەو لە پۆستەکەیدا وەك کەسایەتیەکی سیاسیی سەرکەوتوو سەیردەکرێت، بەتایبەتی کە لەسەردەمێکی هەستیاردا بوو ئەو بەرپرسیاریەتیەی وەرگرت، بەڵام لەکاری ڕێکخراوەییو بەردەوام بوونی خەباتی چەکداری لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو زیان گەیاندنی سەربازی بەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەپێداگیری لەسەر دروشمی ڕوخاندنی ڕژێمی ئێران، هاوکات بەردەوام بوون لە چالاکی چەکداری لە گۆڕەپانی خەباتدا[1].

لەلایەکی دیکەوە گرنگیدانی لە هێشتنەوەی ڕیزەکانی (حدکا) بە یەکگرتوویی و هەڵسووڕاندنی کاروبارە حیزبیو سیاسیەکان، وێڕای هاتنە پێشی پێشهاتو گۆڕانە سیاسیەکانی نێوچەکەو کاریگەری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیان بەسەریانەوە لە تێکۆشانی سیاسیی ئەودا، چونکە کاتێك ئەو بوو بە سکرتێری گشتی، پێشتر بەشێك لە سەرکردایەتی (حدکا) کە بەناوی (حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) درێژەیان بە خەبات دەدا، ئەو جیابوونەوەیەی کە زیانێکی زۆری بە جوڵانەی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابوو، هەروەك چۆن بۆ سکرتێری پێشوو (د.قاسملوو) ڕووداوێکی ناخۆشو تاڵ بوو، بەهەمان شێوەش بۆ شەرەفکەندی مەسەلەیەك بوو پێویستی بە هەڵوەستە لەسەر کردنو، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانو پەرتەوازەییە حیزبیە بوو، بۆ ئەم مەبەستەش چەند هەفتەیەك بەر لە گەشتی بۆ بەرلین لە مانگی ئەیلولی ١٩٩٢دا، هەوڵێکی باشی دابوو بۆئەوەی لەگەڵ (حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ)و بەتایبەتی (جەلیل گادانی/ وەك سکرتێری گشتی ئەو لایەنە) چاوپێکەوتن بکەنو هەوڵ بدرێ ڕێگا چارەیەك بۆ ئەو لێکترازانە بدۆزنەوە[2]. هەروەها ئەوماوەیەی کە لە سوید بوو

---

(١) کریس کۆچیرا: س.پ، ل٣٥٨ Farideh Koohi-Kamali: Op., Cit., P. ٢١٠. سەبارەت بە چالاکیەکانی پێشمەرگەکانی (حدکا) بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران لەماوەی ڕێبەرایەتی شەرەفکەندی، بڕوانە: (جنگ در کردستان، بهارو تابستان ١٣٦٩، شماره (٢٠)، کمیسیون تبلیغات حزب دمکرات کردستان ایران، ص ص٥-٤٥) (جنگ در کردستان، ٦ ماههو دوم ١٣٦٩و سال ١٣٧٠، شماره (٢١)، کمیسیون تبلیغات حزب دمکرات کردستان ایران، ص ص٣٩-٤٧) (جنگ در کردستان، سال ١٣٧١، شماره (٢٢)، کمیسیون تبلیغات حزب دمکرات کردستان ایران، ص ص١٩-٣٨).

(٢) هەر سەبارەت بە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیانو هۆی سەرنەکەوتنی ئەم هەوڵانە، گادانی دەڵێت: " شەرەفکەندی بەرانبەر بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لەسەرەتادا زۆر توند بوو، دوای شەهیدبوونی دکتۆر قاسملوو حەزی

لەمانگی ئەیلولی ١٩٩٢دا، لەلای (مەلا رەحیمی عەبباسی) ئەوەی باسکردبوو کە پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان هەوڵ دەدا ئەو گیروگرفتە چارەسەر بکات، بەڵام بەهۆی تیرۆرکرانی نەیتوانی ئەو ئەرکە بەتەواوی ڕاپەڕێنێت‌و ریزەکانی (حدکا) بۆ جارێکی تر یەك بخاتەوە[١]. بەڵام لەسەردەمی ئەودا کۆتایی بەو شەڕە نێوخۆییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هات، کە ماوەی زیاتر لە (٨) ساڵ بوو لە نێوان (حدکا)و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە[٢]) درێژەی هەبوو. ئەمەش دوای ئەوەی کە (حدکا) لەژێر ڕێبەرایەتی کردنی شەرەفکەندی دا سالی ١٩٩٠ ئاگربەستی بەرامبەر بە (کۆمەڵە) ڕاگەیاندو[٣]، (کۆمەڵە)ش کە یەك لایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاندبوو[٤]، بەمەش کۆتایی بە شەڕی چەکداری نێوانیان هات، کە کاریگەری خراپی لەسەر هەست‌و نەستی هاوڵاتیانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێهێشتبوو.

هەرچەندە ئەوە شتێك نەبوو کە ڕێبازی سیاسیی، یان بۆچوونی تایبەتی شەرەفکەندی بێ، بەڵکو تێڕوانینی ئەویش بەشێك لە تێڕوانینی گشتی سەرکردایەتی (حدکا) بوو، چونکە هەر لەدوا ماوەی ڕێبەرایەتی قاسملوودا، تا ڕادەیەك زەمینە بۆ کۆتایی هێنان بەو شەڕە ناوخۆییە ڕەخسابوو، بەڵام

---

دەکرد دەگەڵی دانیشین. لەو بەینەدا دکتۆر عزالدین مستەفا رەسول‌و کاك بورهانی کادیری شیوعی‌و بەرپرسی نهێنی ڕێکخراوی ئەو حیزبە لە هەولێر، زۆریان هەوڵداو هاتوو چۆیان کرد، بەڵام ئەو خوازیاریی ئەوە بوو دەگەڵ من بەتاك دانیشێ. منیش نیگەرانی فێڵەکانی بووم ئامادەنەبووم بەتەنێ دەگەڵی دانیشم. پێشنیارم ئەوەبوو، دوو هەیئەت وەك دوو حیزب دانیشین کە جێ‌بەجێ نەبوو، قبوولی نەکرد". (چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل گادانی، کۆیە، ٥/٦/٢٠١٢).

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، ٢٠/٥/٢٠١٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، ٥/٦/٢٠١٢.

(٢) کۆمەڵە: کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کە بە (کۆمەڵە) ناسرابوو، سەرکردەکانی سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێننەوە بۆ ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩، کە وەك ڕێکخراوێکی مارکسیی سەربەخۆ لەلایەن دەستەیەك لە خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی تاران‌و تەوریز لەسەر ڕێبازی ماویزم دامەزرێندرا. (د. هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان...، س.پ، ل٢٤٢).

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئیسماعیل بازیار)، کۆیە، ١٥/ ٩/ ٢٠١٤.

(٤) بەهمەن سەعیدی: ٣ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە، دیدارێکی تایبەت بە مێژووی (٣٠) ساڵەی کۆمەڵەو کوردستانی ئێران‌و بزووتنەوەی چەپ، چ٢، بەشی فەرهەنگی کومیتەی کوردستان، چاپخانەی کتاب ئەرزان، ٢٠١٠، ل٧٦.

لەسەردەمی سکرتێریی شەرەفکەندی دابوو، کە بەفەرمی دۆخی شەڕ کۆتایی هاتو بەرەبەرە پێوەندی یەکانیان ئاسایی بوونەوە[1].

سەبارەت بە پەیوەندی شەرەفکەندیو (کۆمەڵە)، عەبدوڵڵای موهتەدی دەڵێت: (شەرەفکەندی کراوەتربوو، بۆ کۆمەڵەش باشتر بوو، ...، رەنگبێ ئەگەر دکتۆر سادقی شەرەفکەندی بمایە ئاڵوگۆڕێکی باش لەنێوانی کۆمەڵەو حیزبی دیموکرات ببوایە[2]). ئەوەش یەکێکی تربوو لەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر پێوەندیەکانی نێوان (حدکا)و (کۆمەڵە) داهات، لەو ماوەیەی کە شەرەفکەندی رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی دەکرد.

یەکێکی تر لەو پێشهاتو گۆڕانکارییە سیاسیانەی لەسەر ئاستی نێوچەیدا هاتە پێشەوە، سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بوو لە باشووری کوردستاندا، کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەری ئەرێنیو نەرێنی کردە سەر تێکۆشانی سیاسیی شەرەفکەندی لە ڕێبەرایەتی کردنی (حدکا)دا. هەرچەندە حیزبی دیموکرات لە ساڵی ١٩٧٠ەوە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراق دامەزراندبوو، تا ئەو کاتەش کە شەرەفکەندی ڕێبەرایەتی دیموکراتی دەکرد، ئەو پەیوەندیە هەر درێژەی هەبوو[3]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە پێشمەرگەو دەستە چەکدارەکانی (حدکا) بەپێچەوانەی بڕیاری حیزبی بەشدارو هاوکاری خەڵکی ڕاپەریوی کوردستان بوون بە دژی ڕژێمی بەعسی عێراق، بەتایبەتی لە شارو شارۆچکەکانی وەك: ڕانیە، چوارقوڕنەو حاجیاوە[4]، بەڵام ئەوە بە بڕیاری کەسیو لەژێر کاریگەری هەستی کوردانەدا بوو، نەك وەك بڕیارێکی گشتی حیزبی، چونکە

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، ٢٠١٢/٥/٢٠.

(٢) بەهمەن سەعیدی: ٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، وتووێژێکی تایبەت بە مێژووی (٤٠) ساڵەی کۆمەڵە، کوردستانی ئێران، حیزبی کۆمۆنیست، بزووتنەوەی چەپو داهاتووی ئێران، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، بێشوێنی چاپ، ٢٠١٠، ل١١٥.

(٣) بۆ مێژووی پێوەندیەکانی نێوان (حدکا)و حکومەتی عێراق، بڕوانە: (د.هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان، س.پ، ل ل٣٩٢-٣٩٥).

(٤) بڕوانە: (هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕاپەڕینی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩١دا، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٨٩).

هەڵوێستی (حدكا) بێلایەنیو تێکەڵاونەبوون بوو لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا[١]. پێمان وایە ئەمەش بۆ پاراستنی پێوەندیەکانی لەگەڵ عێراق لەلایەکو، لەلایەکی تریشەوە بەرچاوڕوون نەبوونیان لەئەنجامو لێکەوتەی سیاسیی دواتری خێرای ئەو قۆناغە مێژووییەی کە باشووری کوردستانو عێراق پێیدا تێدەپەڕین، پاڵنەری سەرەکی بوون بۆ ئەم بڕیارو هەڵوێستەیان.

لە ڕێبازی گشتیو سیاسەتی (حدكا) لە پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١و ئەوکاتەو دواتریش، هەمیشە مەسەلەی کوردی وەك یەك مەسەلەی دابەشکراو سەیرکردوەو هاوپێوەندیی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان پاراستوە. لەو سەردەمەشدا شەرەفکەندی ئەو پێوەندییەی بەباشی پاراستو ئاواتەخوازی سەرکەوتنو دەسکەوتی زۆرتر بۆ باشووری کوردستان بوو. بەڵام سروشتییە کە وەك ڕێبەرێکی سیاسی هەموو لایەنەکانی ئەو مەسەلەیە هەڵ سەنگێنێو بەتایبەتی ئەو ڕەسەنایەتیەی لەبیرنەباتەوە کە تا ئەو کاتەی کوردستان چەند پارچەیە کاروباری هەرپارچەیەك پێوەندیی بەخەڵکی ئەو پارچەیەوە هەیەو ئەوانی دیکە نابێ دەستی تێ وەربدەن[٢]. هەرچی لەکاتی کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ی خەڵکی باشووری کوردستان، (حدكا) چ لەبنکەکانی خۆی لەسەر سنورو، چ لەڕێگەی ڕادیۆکەیەوە بانگەوازی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە بەهەر جۆرێك بۆیان بکرێت یارمەتیو هاوکاری پێشکەش بە کوردانی باشوور بکەن[٣]. ئەمەش هەڵوێستێکی نەتەوەییو کوردانە بوو، کە بۆ شەرەفکەندیو حیزبەکەی بەرز دەنرخێندرێت.

لەڕاستیدا گۆڕانکاریە سیاسیەکانی باشووری کوردستان بۆ (حدكا) بێزیان نەبوون، چونکە هەر دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە دانیشتوانی دێهاتەکانی سەر سنور لە باشووری کوردستان بەرەو دامێنی چیای قەندیل لە نزیکی قەڵادزێو سەنگەسەر گەڕانەوەو ئەو ناوچانەیان ئاوەدانکردەوە کە شوێنی کارو ژیانی پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە بوو، ئەمەش بووە مایەی نیگەرانیان بەگشتی[٤]. بەبڕوای ئێمە ئەو نیگەرانیە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە هاتوچۆی بەردەوامی خەڵكو چڕبونەوەی دانیشتوان لەو

---

(١) عبداللە حسن زادە: س.پ، ل٥٧٩.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، ٢٠١٢/٥/٢٠.

(٣) عبداللە حسن زادە: س.پ، ل ل٥٨٠، ٥٨١.

(٤) کریس کۆچیرا: س.پ، ل٣٥٩.

نێوچانە، ئەوانی زیاتر تەنگەتاوکرد بۆ پاشەکشەی زیاتریان بەرەو قوڵایی زنجیرە چیاکانی قەندیلو پتر هۆشیاربوونەوە لە ئەگەری زیان گەیاندن پێیان لەلایەن کەسانی نزیكو سەر بە دەزگا سیخوڕیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران. هەرچەندە پەیوەندیەکانی (حدکا) لەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە سیاسیەکانی باشووری کوردستان لەسەردەمی سکرتێری شەرەفکەنی دا بەگشتی باش بوو، هیچ ناکۆکیو ململانێیەکی سیاسیی لەو ماوەیدا نەهاتە ئاراوەو، بەپێچەوانەوە هاوکاریو پەیوەندی باشیان لەگەڵ یەکتریدا هەبوو. بۆ نموونە: جەلال تاڵەبانی وەك سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (ی.ن.ك) لە وتارێکیدا بەبۆنەی چلەی تیرۆرکرانی شەرەفکەندی ئەو ڕاستیە مێژووییەی دووپاتکردۆتەوەو، ئاماژەی ڕوونی بە مێژووی پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ شەرەفکەندیو (حدکا) بەگشتی داوە[1].

تەنانەت لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ك)، کە ساڵانێکی زۆر بوو پەیوەندیان بەچەند هۆکارێك گرژوو خراپ بوو (بەدرێژایی ساڵانی ١٩٧٩ تا ١٩٨٩)، بەڵام لەساڵی ١٩٩١و، بەدەست پێشخەری (پ.د.ك)، پێوەندی نێوانیان ئاسایی بۆوە[2]. هەروەها لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی

---

(١) بڕوانە: (دەقی وتاری جەلال تاڵەبانی لەڕێوڕەسمیساڵیادی تیرۆرکرانی شەرەفکەندی لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٣١، تۆمارکراوی ڤیدیۆیی لە ئەرشیفی یوتوب. : https://www.youtube.com/watch?v=jvKgBJGQrqM). ئەم تۆمارە ڤیدیۆییە لە (٢٠٠٨/١٢/٢١)دا بڵاوکراوەتەوە. ئەوە جگە لەوەی نوێنەرو ئەندامانی ناو بەرەی کوردستانیو ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانو ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی باشووری کوردستان تیرۆرکرانی شەرەفکەندیو هاوڕێیانیان مەحکوم کردووەو هەم بەشداری پرسەکەی بوون، کە لە شارەکانی (کۆیە، ڕانیە، سلێمانیو هەولێر) بۆی دانرابوو، هەمیش بەشداری چلەی ئەو بوونو تەنانەت مەراسیمی چلەی شەرەفکەندی بەهاوبەشی کارگێری سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیو دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو، (ئاڵای ئازادی "ڕۆژنامە": چلەی شەهید صادق شەرەفکەندی، خولی دووەم، ژمارە "٤٦"، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری دەکا، یەکشەممە ١٩٩٢/١١/١، ل٤) (مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان: تیرۆری دکتۆر سەعیدو هاوڕێکانی، گەلی کوردستان لەخەبات سورتردەکا، خولی دووەم، ئاڵای ئازادی "ڕۆژنامە"، ژمارە "٤١"، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری دەکا، یەکشەممە ١٩٩٢/٩/٢٧، ل١).

(٢) تا د. قاسملوو لەژیاندا مابوو پەیوەندی نێوان (حدکا)و (پ.د.ك) هەر بە گرژیو خراپی مابۆوە، بەڵام دوای تیرۆرکرانی د.قاسملوو مەسعود بارزانی نوێنەری تایبەتی خۆی ناردبووە پاریس کە لەریو ڕەسمی بەخاك سپاردنی دا بەشداربێو دەسکەگوڵێشی ناردبوو کە لەسەر گلکۆی د.قاسملوو دابنرێ. هەروەها دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ی باشووری

کوردستانی باکوور، سەلاح بدرەدین لەرۆژئاوای کوردستان پێوەندی هەبوو. لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیو بەتایبەتی هێزە چەپەکان پەیوەندی هەبوو، هەوڵی نزیک بونەوەو کاری هاوبەشیشی لەگەڵیان دەدا. بەڵام لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) پێوەندی نەبوو[1]. بەبڕوای ئێمە هەڵوێستی نەرێنی ئەو بەرانبەر بە (پ.ک.ک) جێگەی ڕەخنە لێگرتنو هەڵوەستە لەسەرکردنە، کە ئەو پێوەندیە خراپەی نێوانیان پێشینەیەکی مێژوویی هەبوو، لەسەر بنەمای ململانێی حیزبیو شێوەی خەباتی سیاسیان بوو[2]. بەڵام پێوەندیەکانی لەگەڵ هەموو ئەوانی دیکە بەرەو پێش چوونی سیاسیی گرنگ بوون بۆ ئەو قۆناغەی تێکۆشانی سیاسی ئەو لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورددا.

سەبارەت بە گۆڕانکاریە نێودەوڵەتیەکانو بەتایبەتی ڕووخانی بلۆکی سۆسیالیستیو لەبەریەک هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت، کە گۆڕانی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام شەرەفکەندی لەم قۆناغەدا هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ڕێبازی سیاسیی (حدکا) لەلایەنگیریکردن لە سۆسیالیزمی دیموکراتیکو داواکاری سیاسیان لە دروشمی خودموختاری بۆ فیدراڵی لە ئێران یان جۆرێکی دیکەی ئەنجام نەدا، کە ئەمەش بۆ ئەو مایەی ڕەخنە لێگرتنو هەڵوەستە لەسەر کردنە لەماوەی ڕێبەرایەتی کردنی لە (حدکا)دا، هەرچەندە ئەوە ماوەیەکی کەم بوو لەتەمەنی سیاسییو تێکۆشانی حیزبی ئەو لەو قۆناغەدا، چونکە دوای ماوەیەك لەو گۆڕانکارییانە ڕووبەڕووی هێرشی تیرۆریستی بۆوەو تیرۆرکرا.

---

کوردستان، سەرەتا نێچیرڤان بارزانیو دواتریش مەسعود بارزانی سەردانی سەرکردایەتی (حدکا)ی کردو، بەمەش پەیوەندی نێوانیان ئاسایی بۆوە. بڕوانە: (د.هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەلاتی کوردستان، س.پ، ل ل٣٥١-٣٥٢).

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، ٢٠١٢/٦/٥.

(٢) خراپی پێوەندی نێوان (حدکا)و (پ.ک.ک) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قاسملو، کە لەسەردەمی شەرەفکەندیش گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو هەر درێژەی هەبوو، کە لەو قۆناغدا بۆ شێوەی خەباتو ستراتیژیەتی (پ.ک.ک) دەگەڕایەوە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، کە ئەو ڕێکخراوە لە هەموان زیاتر گەشەی بەخۆییو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دابوو. هەروەها لە ڕووی ستراتیژی نەتەوەییەوە خەباتی لە هەرچوار پارچەی کوردستاندا دەکردو لەوەشدا ڕووبەرووی ڕەخنەی لایەنە سیاسیەکانی پارچەکانی تری کوردستان دەبۆوەو بەدەست وەردان لەکاروباری نێوخۆییان تۆمەتباریان دەکرد. ئەگینا بەرنامەی (پ.ک.ک) بەرنامەیەکی نەتەوەییو کوردستانیەو بۆ ئازادی کوردو کوردستان خەبات دەکات. (د. هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەلاتی کوردستان...، س.پ، ل٣٨٠، ٣٨١).

## چوارەم: بەشداری شەرەفکەندی لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست و تیرۆرکرانی لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٢دا:

شەرەفکەندی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و پێوەندیە دیپلۆماسیەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا و رۆژئاوا، بەتایبەتی لەگەڵ رێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست و پارتە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپادا بەشداری و درێژەپێدەری پێوەندیەکانی پێشوو بوو، ئەو پەیوەندیانەی کە لەساڵانی ١٩٧٠ەوە بەهەوڵ و کۆششی دیپلۆماسیانەی قاسملوو بناغەی دارێژرابوو، پەرەی پێدرابوو، لەو ماوەیەی کە شەرەفکەندی رێبەرایەتی (حدکا)ی لە ئەستۆدابوو، لەسەر ئەو پەیوەندیانەی پێشوو بەردەوام بوو لە گەشەپێدان و سوود لێوەرگرتنیان بۆ (حدکا) و بزووتنەوەی کوردایەتی رۆژهەڵاتی کوردستاندا[1].

لە مانگی ئەیلولی ١٩٩٢دا بوو، کە شەرەفکەندی بۆ چەند مەبەستێکی سیاسیی سەردانی ئەڵمانیای کرد، کە گرنگترینیان ئەمانەبوون[2]:-

١- بۆ بەشداری کردن لە نۆزدەهەمین کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست (١٥-١٧ی ئەیلولی ١٩٩٢).

٢- بۆ راپەراندنی کاروباری حیزبی و، بینینی ئەندام و کادیرانی (حدکا) لە ئەڵمانیا.

٣- ئەنجامدانی دیدارو گفتوگۆ لەگەڵ حیزب و کۆمەڵە و رێکخراوە ئەڵمانیەکان، بەشێکی دیکە بوون لەبەرنامەی گەشتەکەی.

٤- دیدارو گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی چەند پارت و رێکخراوێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی.

دوای ئەوەی ئەرکەکانی لە بەشداری کردن لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست و، بینینی چەند کادیرێکی حیزبی بەجێ گەیاند، پاشان لە رۆژی (١٧ی ئەیلولی ١٩٩٢) بۆ ئەرکی داهاتووی

---

(١) د. ئاسۆ حەسەن زادە: چاوخشاندنێك بەسەر ٦٥ ساڵ پێوەندیی نێونەتەوەییی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کوردستان (رۆژنامە)، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە (٥٤١)، یەکشەمە ٣١ی گەلاوێژی ١٣٨٩- ٢٢ی ئاگوستی ٢٠١٠، ل٩.

(٢) لوقمان مێهفەر: س.پ، ل ل٦٩، ٧٠ عبدالله حسن زادە: س.پ، ل٥٩١.

هەنگاو دەنێت، کە کۆبونەوەو وتوێژکردن بوو لەیەکێك لە ڕیستۆرانتەکانی بەرلین بەناوی (ڕیستۆرانتی میکۆنووس)[1]، لەگەڵ نوێنەری چەند پارتو ڕێکخراێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی[2].

پێکهێنانی ئەو کۆبوونەوەیە لەسەر داوای شەرەفکەندی خۆی بوو، کە مانەوەی لەبەرلین بەدەرفەت زانیوە تا لەنزیکەوە لەگەڵ چالاکوانانی سیاسیو ڕێبەرانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەو شارە سەبارەت بە بارودۆخی ئێران، کوردستانی ئێرانو دۆخی ئۆپۆزسیۆن لەناوخۆی ئێران گفتوگۆبکەن[3]. هۆی سەرەکیش بۆ ئەم گفتوگۆیەی نێوانیان بەمەبەستی هاوکاریو گەیشتن بەجۆرێك لەهاوپەیمانییەتی نێوانیان بوو لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران دا لەچوارچێوەی تێزی (دیالۆگی ڕەخنەگرانە)[4].

بەڵام هەر هەمان ڕۆژو لەهەمان شوێندا شەرەفکەندیو هاوڕێکانی، کە لەگەڵ ئەودا تیرۆرکران، لەوانە: فەتاح عەبدولی (ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی پێوەندییەکانی حدکا لە فەرەنسا)- هومایۆن ئەردەڵان (بەرپرسی پێوەندییەکانی حدکا لە ئەڵمانیا)- حوسێن ئەحمەدی ناسراو بە نوری دێهکوردی (دۆستی حدکاو بەڕەگەز فارس) و برینداربوونی خاوەنی ڕێستورانەکەش عەزیز غەفاری (بەڕەگەز

---

(١) سلام عزیزی: س.پ، ل٢٢ ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی دەهەم (کۆنگرەی پەنجا ساڵەی حیزب)، لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێی تێکۆشەر کاك "مصطفی هجری" یەوە پێشکەش کراوە، ٢٣ تا ٣٠ی خاکەلێوەی ١٣٧٤ی هەتاوی، ل٣٦.

(٢) Shaul Shay: The Axis of Evil: Iran, Hizballah, and the Palestinian Terror, ٢٠٠٥, P.٢١٥ ؛ ئامادەبوانی کۆبونەوەکە بریتی بوون لە: (د.شەرەفکەندی/ سکرتێری گشتی حدکا. فەتاح عەبدولی/ نوێنەری حدکا لە ئەوروپا. هومایۆن ئەردەڵان/ نوێنەری حدکا لە ئەڵمانیا. نوری محەمەد پور دهکردی/ دۆستی نزیکی شەرەفکەندیو هاوکاری حدکا، سەر بەبزووتنەوەی چەپی سەربەخۆ، دانیشتوی بەرلین. پرویز دستمالچی، سەر بە کۆماریخوازانی میللی. مەهدی ئیبراهیم زادە ئەصفهانی، ئەندامی شوورای ناوەندی سازمانی فیدائیانی خەڵکی ئێران (اکثریت). مەسعود میر راشد، کادیری سازمانی فیدائیانی خەڵکی ئێران (اکثریت). ئەصفندیار صادق زادە، دۆستی خاوەن ڕیستۆرانەکە. عەزیز غەفاری/ خاوەنی ریستۆرانتی میکۆنووسو ئەندامی سازمانی فیدائیانی خەڵکی ئێران)، پرویز دستمالچی: ترور بەنام "خدا" (نگاهی بە تروریسم حکومتی جمهوری اسلامی ایران)، ناشر: شرکت کتاب، امریکا، ٢٠١٣، ص١٦ سلام عزیزی: س.پ، ل٢٢-٢٣.

(٣) پرویز دستمالچی: م.پ، ص١٦ بەهمەن سەعیدی: ٣ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، س.پ، ل٧١ بەهمەن سەعیدی: ٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵلای موهتەدی، س.پ، ل٢٥٤.

(٤) لوقمان مێهفەر: س.پ، ل٧١.

فارس) لەلایەن (دوو چەكداری تیرۆریست[1]) درانە بەر دەستڕێژی گوللەو تیرۆركران[2]. پاشان لێكۆڵینەوەكانی (دادگەی بەرلین[3]) ئەوەیان دەرخست كە تیرۆریستەكان سەر بە ڕژێمی كۆماری ئیسلامی ئێرانن‌و، ئەو ڕژێمەش لەلایەن دادگا مەحكوم كراو، بڕیاری یاسایی پێویستیان لەبەرامبەردا ڕاگەیەندرا[4]. دواتر لە لێكۆڵینەوەكانی دادگادا بڵاوكرایەوە ئامانجی سەرەكی لەم كارە تیرۆریستیە،

---

(١) ئەو دووچەكدارەی كە ڕاستەوخۆ تەقەیان لە شەرەفكەندی‌و هاوڕێیانی كردبوو، یەكێكیان ناوی (شریف، ناسراو بە ابو رمان/ ئێرانی) ئەوی تریشیان ناوی (عباس راحل، عەرەبی خەڵكی لوبنان‌و ناسراو بە عماد عماش) بەڵام سەرجەمی ئەو تیمەی كە پیلانی ئەو كارە تیرۆریستیەیان ڕێكخستبوو و ڕۆڵیان لە جێبەجێ كردنیدا بینی (٥) كەس بوون، كە جگە لەوانەی پێشوو ئاماژەمان بۆیان كرد، ئەوانی تر بریتی بوون لە: (كاظم دارابی كازرونی، خەڵكی ئێران)، (عطاء الله اياد، عەرەبی خەڵكی لوبنان)، (محمد عطريس/ يوسف امين، عەرەبی خەڵكی لوبنان)، (غەریب ڕۆژهەڵاتی: س.پ، ل ل٣٩٢، ٣٩٣) Shaul Shay: Op., Cit,.P.٢١٦. شایانی باسە عەرەبە لوبنانیەكان سەرجەمیان سەر بە حزب الله ی لوبنانی بوون. چاوپێكەوتن لەگەڵ (محەممەد نەزیف قادری)، كۆیە، ٢٠١٢/٧/١٢.

(٢) STEPHEN KINZER: Germany Links Iran to Kurds Killing, The New York Times, May ٣١, ١٩٩٣.

(٣) دادگای بەرلین بەناوی (Berliner Kammergericht)، بەڵام بەهۆی ئەوەی تیرۆركرانی شەرەفكەندی‌و هاوڕێیانی لە ڕێستورانتی (میكۆنووس) ڕوویداوە، لەنێو كورددا هەر بە دادگای میكۆنووس ناسراوە. دادوەر، قازیەكان‌و پارێزەرانی ئەو كەیسە، بەپێچەوانەی دادگای نەمسا (كەیسی تیرۆركرانی د.قاسملوو و هاوڕێیانی، كە تائێستاش دادگا بڕیاری خۆی لەبارەوە نەداوە) سەرەڕای ئەوەی كەوتنە بەر هەڕەشەی سەرانی كۆماری ئیسلامی ئێران‌و زەختی هێندێك لەدام‌و دەزگاكانی ئەو كاتی وڵاتی ئەڵمانیش بۆ ئەوەی ڕەوتی دادگاییكردنەكەی تاوانباران بەلایەكدابەرن كە ڕژێمی ئێران وەك تاوانبار نەناسرێ، بەڵام ئەوان بەو پەڕی جورئەتەوە بێ ئەوەی ئەو هەڕەشەو زەخت‌و زۆرانە كاریگەریان لەسەریان هەبێت، بێلایەنانە ئەركی یاسایی‌و پیشەیی خۆیان بەڕێوەبردو دوای زیاتر لە چوارساڵ‌و نیو لێكۆڵینەوە، كۆماری ئیسلامی ئێرانیان لەئاستی هەرە سەرەوە بەتاوانبار زانی‌و ڕایانگەیاند كە پیلانی ئەو تیرۆرە لەلایەن: خامنەیی/ ڕێبەری ئێران، عەلی فەلاحیان/ وەزیری ئیتلاعات‌و هاشمی ڕەفسەنجانی/ سەرۆك كۆماری ئەوكاتی ئێران داڕێژراوە. چاوپێكەوتن لەگەڵ (مستەفا هیجری)، كۆیە، ٢٠١٥/١/١٢.

(٤) كيهان (روزنامه): آغاز بحران ميكونوس، شماره (١٨٦٢٣)، شعبان ١٤٢٧- ٢٣ سپتامبر ٢٠٠٦، سال شصت و چهارم، شنبه اول مهر ١٣٨٥، ص١٩ Farideh Koohi-Kamali: Op., Cit., P. ٢١١. بۆ زیاتر دەربارەی پرۆسەی دادگایی كردن‌و لێكۆڵینەوەكانی دادگای بەرلین لەسەر كەیسی تیرۆركرانی د.شەرەفكەندی‌و هاوڕێیانی، بڕوانە: (پرويز دستمالچی: م.پ، ص ص١٣-٦٠) (ڕۆنیا حەكاكیان: پیاوكوژانی كۆشكی فیرووزە، و: عەبدوڵڵا حەسەن زادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١٢) (سلام عزیزی: س.پ).

تیرۆرکردنی وەفدی (حدکا) بەسەرۆکایەتی شەرەفکەندی بوو[1]. وەك کاردانەوەیەکیش ئەڵمانیا پەیوەندیە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئێران پچڕاند[2].

لەڕاستیدا شەرەفکەندی وێڕای فراوانی ئەندێشەی سیاسییو، هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لەگەڵ پارتو ڕێکخراوە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنەکانی تری ئێرانی بەپەرۆش بوو، بەڵام ئەو ڕوداوە ئەوەی خستەوەڕوو کە هیچ پەندێکی لە تیرۆری د.قاسملوو نەبینی بوو، بەتایبەتی ڕەچاوکردنی لایەنی ئاسایش بۆ پاراستنی گیانی خۆی[3]. هەرچەندە ئاگاداری بوونی مەترسی بۆسەر ژیانی بوو، بەتایبەتی کاتێك (مام جەلال)، کە بەشداری لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆنال سوسیالیست دا کردبوو، هەر لەوێ بە شەرفەکەندی گوتبوو کە ئێرانییەکان بە دواتدا دەگەڕێنو ئاگاداری خۆت بە[4]. بەڵام بێ گوێدانە ئەو مەترسیانەو بێ ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی (حدکا)ش ئەو هەنگاوەی هاویشتو کەوتە هەڵەوە. هەروەك عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەڵێ: "دەفتەری سیاسیی حیزب ئاگای لە هێڵەگشتییەکانی بەرنامەی سەفەری د.شەرەفکەندی هەبوو. بەڵام هەتا خەبەری ڕووداوەکە نەهات، ئاگاداری ئەوە نەبوو کە ئەو شەوە لەوجێگایە دیداری لەگەڵ ئەو کەسانە هەیە. بۆیە بەداخەوە پیلانی دوژمنو بەراشکاوی بڵێم کەمتەرخەمیی خۆشی بووە هۆی تیرۆرکرانی"[5]. هەر لەم بارەشەوە هیجری، کە جێگری سکرتێری گشتی (حدکا) بوو بۆ ئەوکات، دەڵێ: "تیرۆرکرانی د.سادقو هاوڕێیانی بەم شێوەیە، لەباری ڕەوانییەوە بۆ ڕێبەرایەتی حدکاو بەدەنەکەی لەرووداوی ڤیەننا گرانتربوو، چونکە ماوەی سێ ساڵ لە تیرۆرکرانی د.قاسملوو تێدەپەڕی کە سکرتێرێکی دیکەی حیزبیش شەهید بوو. ئەویش بەشێکی دەگەڕاوە سەر کەمتەرخەمی، بۆیە لەبەرانبەر سێڵاوی پرسیاری خەڵکدا مابووینەوەو لەڕاستیدا وەڵامێکمان نەبوو کە تەنانەت بۆ خۆشمان قەناعەتمان پێی بێ"[6]. هەموو ئەمانەش ئەوە دەخەنە ڕوو

---

(١) پرویز دستمالچی: م.پ، ص١٥.

(٢) ڕونیا حەکاکیان: س.پ، ل٣٢، ٣٣ STEPHEN KINZER: Op., Cit.,

(٣) هەیاس کاردۆ: س.پ، ل٥٢٢ ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی دەهەم، س.پ، ل٣٧.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا هیجری)، کۆیە، ٢٠١٥/١/١٢ ڕونیا حەکاکیان: س.پ، ل٥٦.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، ٢٠١٢/٥/٢٠.

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا هیجری)، کۆیە، ٢٠١٥/١/١٢.

که خۆش باوەڕیو کەمتەرخەمی خۆییو پیلانی کۆماری ئیسلامی بووە هۆی ئەوەی تیرۆر بکرێ. بە تیرۆرکرانیشی زیانێکی گەورەی بە (حدکا) گەیاندو ڕێبەرێکی بەتوانای لەدەست چوو، کە ئەوەش ئاکامی هەوڵی بێ وچانو تێکۆشانی سیاسیی ئەو بوو، لەڕێبەرایەتی کردنی (حدکا)و ڕۆڵ بینینی لە مێژووی جوڵانەی ئازادیخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

ڕاستە بەتیرۆرکرانی شەرەفکەندی زیانی گەورە بەر (حدکا)و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەوت، بەڵام بڕیاری بوێرانەی دادگەی بەرلین بە مەحکوم کردنی ئێران لە (١٠ی نیسانی ١٩٩٧)دا[1]، ئەمەش دوای زیاتر لە چوار ساڵو نیو لە پرۆسەی دادگایی کردنو لێکۆڵینەوە لە کەیسی تیرۆرکراوانی میکۆنۆس لە بەرلین بوو، لەلایەك بووە جێگای خۆشحاڵی تێکۆشەرانی کورد بەتایبەتیو جوڵانەوەی ئازادیخوازی ئێران بەگشتی[2]. لەلایەکی تریشەوە ئەو بڕیارە لەلایەنی سیاسییەوە کاریگەری زۆری لەسەر ڕای گشتی نێونەتەوەییو کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان هەبوو، کە ڕووی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی ئێرانی وەك تیرۆریستی نێودەوڵەتی بەدونیادا ناساند.

---

(١)کیهان (روزنامە): أغاز بحران میکونوس، م.پ، ص١٩ پرویز دستمالچی: م.پ، ص٦ سلام عزیزی: س.پ، ل١٧٩. دەنگدانەوەی بڕیاری دادگەی بەرلین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاریگەری خۆی هەبوو، تەنانەت لەماوەی ڕابردوودا و لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٤دا دەستەی دادگای بەرلینو هەموو ئەوانەی ڕۆڵیان لەم بڕیارە دادپەروەرانەیەدا هەبوو لەلایەن ئەنجومەنی پارێزەرانی ئەمریکا، بەپاداشتی بەڕێوەبردنی کاری بوێرانەو پشتگوێخستنی هەموو فشارە سیاسیەکانی سەریانو بێلایەنیو دروستی ئەرکی خۆیان سەبارەت بە کەیسی تیرۆری شەرەفکەندیو هاوڕێیانی، لە شاری نیۆرك خەڵاتکران.

(٢) ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی دەهەم، س.پ، ل٣٧ ساڵی ٢٠٠٤ لەسەر داوای بەشێك لە کوردانی تاراوگەو پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی شارەوانی بەرلین، تابلۆیەکی بیرەوەری لەشوێنی ڕوودانی تیرۆرکرانی شەرەفکەندیو هاوڕێیانی جێگیرکراوەو لەسەری نووسراوە: "لێرە، لەشوێنی ڕێستۆرانتی پێشووی میکۆنوس، لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا، نوێنەرانی بەناوبانگی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی، فەتاحی عەبدولی، هومایوونی ئەردەڵان، وسیاسەتمەداری دانیشتووی بێرلین، نووریی دێهکوردی، لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە کوژران. ئەوان لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادیو مافی مرۆڤدا گیانی خۆیان لەدەست دا"، (ڕۆئیا حەکاکیان: س.پ، ل٢٧٣).

## ئه نجام

یەکەم/ شەرەفکەندی لە بنەماڵەیەکی هەژارو ئاین پەروەر لەدایك بووەو، لەژێر کاریگەری و هاوکاری ئەواندا سەرکەوتوانە توانیویەتی قۆناغەکانی خوێندن تەواوبکات. لەگەڵیشیدا بەهۆی مەینەتیەکانی گەلی کوردەوە کەوتۆتە ژێرکاریگەری بیری نەتەوەیی و بووە بە ئەندامی (حدکا).

دووەم/ لە تێکۆشانی سیاسیدا لەژێر کاریگەری ئەندێشەی چەپ و سۆسیالیزمدا بووە لە ڕوانینی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی و جیاوازی چینایەتی و ڕەگەزی.

سێیەم/ کەسێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیر بوو، نوسەرو ئەدیب دۆست بووە، ئەو تایبەتمەندیانەشی لەکاری ڕاگەیاندن و چاپەمەنی (حدکا)دا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام هەندێك جاریش بەهۆی ململانێ سیاسیەکانەوە ئەو تایبەتمەندیانەی لەبیرکردووەو حیزبایەتی و بەرژەوەندی کەسی بەسەریدا زاڵ بووە.

چوارەم/ جگە لە کەسێتی و توانای خۆی، پەیوەندی لەگەڵ قاسملوو و پشتیوانی ئەو بۆی کاریگەری زۆریان لە زوو بەرەو پێشچوونی شەرەفکەندی هەبووە لە سەرکردایەتی (حدکا)دا، هەروەها سوودی زۆریشی بینیوە لە ململانێ نێوخۆییەکانی (حدکا)و خۆشی بەشێك بووە لەو ململانێ یانە.

پێنجەم/ شەرەفکەندی لەماوەی رابەرایەتی کردنی (حدکا)دا پەرەی بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان بەگشتی داوە، بەتایبەتی کە شەڕی نێوخۆیی و کوردکوژی لەگەڵ (کۆمەڵە) لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا کۆتایی پێهێناو، لەگەڵ (پ.د.ك)یش ئەو گرژی و ناخۆشیانەی کە ساڵانێکی زۆر بوو هەبوو، کۆتاییان پێهات. هەموو ئەمانەش وەك دەستکەوتی حیزبی و سیاسیی بەنرخن بۆ شەرەفکەندی لە رابەرایەتی کردنی (حدکا)دا.

شەشەم/ هەوڵ و تێکۆشانی سیاسیی لە گەشەپێدان و بەردەوامیدان بە پەیوەندیە نێونەتەوەییەکانی (حدکا) لەگەڵ ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست و، پارتە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەورووپا، ئاکامەکەی بەئەندام بوونی (حدکا) بوو لە ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست لە ساڵی ١٩٩٦دا وەك یەکەم حیزبی کوردی لەسەرتاسەری کوردستاندا.

حەوتەم/ تیرۆرکردنی شەرەفکەندی زیانێکی گەورەی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گەیاند. بێجگە لەوەی کە ڕێبەرێکی بەتوانای لەدەست چوو، زیانێکی دیکەشی پێگەیشت، ئەویش ئەوەبوو کە لەکارەستای تیرۆری د.قاسملوو پەندی وەرنەگرت و بۆ دووەمین جار لەماوەی سێ ساڵ دا

زەبرێكی دیكەی كاریگەری پێكەوت، كە بەشێكی بەهۆی كەمتەرخەمییەوە بوو لە ڕووی ئاسایشو پاراستنی گیانی.

هەشتەم/ تیرۆركرانی دەنگدانەوەی گەورەی لێكەوتەوە لەئاستی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەویش بەهۆی بوێری‌و بێلایەنی دادگەی بەرلین‌و پەرۆشی ڕێكخراوە سۆسیالیست‌و چەپەكانی ئەوروپا بوو لەپێداگیریان لەسەر مەحكوم كردنی ڕژێمی ئێران‌و خستنەڕووی ڕاستیەكان بۆ ڕای گشتی‌و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. بەمەش بزووتنەوەی كوردو بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئێرانی سوودێكیان پێگەیشت لەڕووی سیاسییەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێك بارتەقای ئەو زیانە نەبوو، كە لە حیزبی دیموكرات‌و گەلی كورد كەوت.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: کتێبەکان:-

### أ-بەزمانی کوردی:


١- ئەحمەد مەکلاوەیی: مەشخەڵی ئازادیخوازی، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی، ٢٠١٢.

٢-بەهمەن سەعیدی: ٣ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە، دیدارێکی تایبەت بە مێژووی (٣٠) ساڵەی کۆمەڵەو کوردستانی ئێرانو بزووتنەوەی چەپ، چ٢، بەشی فەرهەنگی کومیتەی کوردستان، چاپخانەی کتاب ئەرزان، ٢٠١٠.

٣- __________: ٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، وتووێژێکی تایبەت بە مێژووی (٤٠) ساڵەی کۆمەڵە، کوردستانی ئێران، حیزبی کۆمۆنیست، بزووتنەوەی چەپو داهاتووی ئێران، ب.ش.چ، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ٢٠١٠.

٤- تەیموور مستەفایی: لە چیاکانی زاگرۆسەوە، ب.ش.چ، ٢٠٠٦.

٥-جۆیس بلۆ (پ.د.): دۆزی کورد لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی، و: کارزان محەمەد، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦-ڕوئیا حەکاکیان: پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە، و: عەبدوڵڵا حەسەن زادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١٢.

٧-ڕەزا درودگەر (سەید): کورتەی ژیانی سیاسیی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ١٣٢٤-١٣٨٤/ ١٩٤٥-٢٠٠٥، کومیتەی بەڕێوەبەری یادی ٦٠ ساڵەی دامەزراندنی حیزب، ب.ش.چ، ب.س.چ.

٨- سلام عزیزی: سەفەری بێگەڕانەوە، داستانی کارەساتی میکونووس، ب.ش.چ، ١٩٩٩.

٩- سمایل شەرەفی (ئامادەکردنو وەرگێڕانی): شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی، ب.ش.چ، ب.س.چ.

١٠- لوقمان مێهفەر: میکۆنووس بکوژانی شەرەفکەندی ریسوادەکا، ب.ش.چ، ٢٠٠٧.

١١- عبداللە حسن زادە: نیوسەدە تێکۆشان، لە کتێبی (کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)، کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ب.ش.چ، ٢٠٠٢.

١٢- عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی"هەژار": چێشتی مجێور، ئامادەکردنو سەرپەرشتی چاپ: خانی شەرەفکەندی، پاریس، ١٩٩٧.

١٣- غەریب ڕۆژهەلاتی: خوانی خەیانەت، ب.ش.چ، ب.س.چ.

١٤- کاوە بەهرامی: دکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مۆدێرنو شۆڕشگێڕێکی دیموکرات، ب.ش.چ، ب.س.چ.

١٥-کریس کۆچیرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو ویستی سەربەخۆیی، و: حەسەن ڕەستگار، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، ب.ش، ٢٠١٣.

١٦- هەیاس کاردۆ: ئاورێك لە ژیانو خەباتی عەبدوللا حەسەن زادە، چاپخانەی ڕۆژهەلات/ هەولێر، ٢٠١١.

١٧- هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی: عەبدولڕەحمان قاسملوو، ژیان و ڕۆلی سیاسیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا ١٩٣٠-١٩٨٩، توێژینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە، کۆمەلگای چاپەمەنی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٨-هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕاپەڕینی شاری هەولێر لە سالی ١٩٩١دا، لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٩-هۆشمەند عەلی مەحمود (دکتۆر): ڕۆژهەلاتی کوردستان ١٩٧٩-١٩٨٩، لێکۆلینەوەیەك لە دۆخی سیاسیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.

**ب- بەزمانی فارسی:-**

٢٠- پرویز دستمالچی: ترور بەنام "خدا" (نگاهی به تروریسم حکومتی جمهوری اسلامی ایران)، ناشر: شرکت کتاب، امریکا، ٢٠١٣.

٢١- سعید بدل: تأریخچه جنبشهای ملی کرد، از قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهانی دوم، تایپو تکشیراز: انتشارات وتبلیغات کمیته مرکزی ح.د.ك. ایران، آبانماه ١٣٦٣ه.

**ج- بەزمانی ئینگلیزی:-**

٢٢- Shaul Shay: The Axis of Evil: Iran, Hizballah, and the Palestinian Terror, ٢٠٠٥.

٢٣- Farideh Koohi-Kamali: The Political Development of the Kurds in Iran, Pastorl Nationalism, Published by: PALGRAVE MACMILLAN, ٢٠٠٣.

**دووەم: چاوپێکەوتنەکان:-**

٢٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئیسماعیل بازیار)، کۆیە، ١٥/ ٩/ ٢٠١٤.

٢٥- ___________(جەلیل گادانی)، کۆیە، ٢٠١٢/٦/٥.

٢٦- ___________(خەدیجە مەعزوور)، کۆیە، ٢٠١٤/١٢/٢٧.

٢٧- ___________(عەبدوڵلا حەسەن زادە)، کۆیە، ٢٠١٢/٥/٢٠.

٢٨- ___________(فەتاح کاویان)، کۆیە، ٢٠١٢/٥/٣١.

٢٩- ___________(مستەفا هیجری)، کۆیە، ٢٠١٥/١/١٢.

٣٠- ___________(محەممەد نەزیف قادری)، ١٢/٧/ ٢٠١٢.

**سێیەم: گۆڤارەکان:-**

٣١- سمایل بازیار: کاک سەعید سیمای تێکۆشەرێکی نەتەوەیی و چەپێکی دێموکرات، تیشک (گۆڤار)، گۆڤارێکی سیاسیی- ڕۆشنبیری گشتی یە،ساڵی پێنجەم، ژمارە (١١)، بڵاوکراوەی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕەزبەری ١٣٨١ھ.

٣٢- فەتاح مرشد کاکەیی: ڕۆڵەی هەمیشە زیندوو شەهید د.صادقی شەرەفکەندی، ڕەنگین (گۆڤار)، ژمارە (٥٩)، بغداد، ١٩٩٣.

**چوارەم: ڕۆژنامەکان:-**

**أ-بەزمانی کوردی:-**

٣٣- ئاسۆ حەسەن زادە (دکتۆر): چاوخشاندنێك بەسەر ٦٥ ساڵ پێوەندیی نێونەتەوەییی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە (٥٤١)، یەکشەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٣٨٩- ٢٢ی ئاگوستی ٢٠١٠.

٣٤- ئاڵای ئازادی "ڕۆژنامە": چلەی شەهید صادق شەرەفکەندی، خولی دووەم، ژمارە "٤٦"، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری دەکا، یەکشەممە ١٩٩٢/١١/١.

٣٥- قادر وریا: کوردستان سەنگەرێکی دیکەی تێکۆشانی ڕێبەری شەهیدمان، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە (١٥٢)، خەرمانانی ١٣٧٢.

٣٦- کوردستان (ڕۆژنامە): هەڵوێست گرتنی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر ١٣٦٧/١/١، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، ژمارە (١٣٤)، جۆزەردانی ١٣٦٧- ژوئەنی ١٩٨٨.

٣٧- کوردستان (ڕۆژنامە): کورتەیەك لە ژیانی شەهیدانی ١٧ی سێپتامبری بێرلین، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە (٥٩١)، یەکشەمە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩١-١٦ای سێپتامبری ٢٠١٢.

٣٨- کوردستان (ڕۆژنامە): باندی شەرەفکەندیو مەسەلەی ڕووخانی ڕێژیم، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، ژمارە (١٤و١٥)، دەورەی سێهەم، ڕەزبەر-خەزەڵوەری ١٣٦٨- ئۆکتۆبر-نوامبری ١٩٨٩.

٣٩- مێهدی مێهرپەروەر: ڕوانگەی دکتۆر سەعید دەربارەی مێژووی کورد، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە (٥٩١)، یەکشەمە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩١-١٦ای سێپتامبری ٢٠١٢.

٤٠- مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان: تیرۆری دکتۆر سەعیدو هاوڕێکانی، گەلی کوردستان لەخەبات سورتردەکا، خولی دووەم، ئالای ئازادی "ڕۆژنامە"، ژمارە "٤١"، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری دەکا، یەکشەمە ١٩٩٢/٩/٢٧.

### ب- بەزمانی فارسی:-

٤١-کیهان (روزنامه): أغاز بحران میکونوس، شماره (١٨٦٢٣)، شعبان ١٤٢٧- ٢٣ سپتامبر ٢٠٠٦، سال شصت و چهارم، شنبه اول مهر ١٣٨٥.

### ج- بەزمانی ئینگلیزی:-

٤٢- STEPHEN KINZER: Germany Links Iran to Kurds Killing, the New York Times, May ٣١, ١٩٩٣.

**پێنجەم: نامیلکەو بڵاوکراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران:-**

**أ-بەزمانی کوردی:-**

٤٣- ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی دەهەم (کۆنگرەی پەنجا ساڵەی حیزب)، لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێی تێکۆشەر کاک "مصطفی هجری" یەوە پێشکەش کراوە، ٢٣ تا ٣٠ی خاکەلێوەی ١٣٧٤ی هەتاوی.

٤٤- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (بەشی شەهیدان): ئالبومی شەهیدان (١)، کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی، ب.ش، ١٣٨٦هـ-٢٠٠٧ز.

٤٥- کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی ١٣٦٢-١٣٦٨، بەبۆنەی ١٠ ساڵەی شەهید بوونیەوە، پێداچوونەوە: مستەفا مەعرووفی، خەرمانانی ١٣٨١هەتاوی/ سێپتامبری ٢٠٠٢ی زایینی.

**ب-بەزمانی فارسی:-**

٤٦- کمیسیون تبلیغات حزب دمکرات کردستان ایران: جنگ در کردستان، بهارو تابستان ١٣٦٩، شماره (٢٠).

٤٧- ________________: جنگ در کردستان، ٦ ماهەو دوم ١٣٦٩و سال ١٣٧٠، شماره (٢١).

٤٨- ________________: جنگ در کردستان، سال ١٣٧١، شماره (٢٢).

**شەشەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان (ئینتەرنێت):-**

٤٩- دەقی وتاری جەلال تاڵەبانی لەڕێوڕەسمی ساڵیادی تیرۆرکرانی شەرەفکەندی لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٣١، تۆمارکراوی ڤیدیۆیی لە ئەرشیفی یوتوب : https://www.youtube.com/watch?v=jvKgBJGQrqM. ئەم تۆمارە ڤیدیۆییە لە (٢٠٠٨/١٢/٢١)دا بڵاوکراوەتەوە.

٥٠- سۆران عەلیپوور: ئاوڕدانەوەیەک لەکتێبە مێژووییەکەی د.سادقی شەرەفکەندی، شەممە٢٢/٩/٢٠١٢،
http://www.peshmergekan.com/kurdish/index.php/babetekan/babet/١٤٩٥-hewalekan

٥١- تەلەفزیۆنی تیشك: کورتەیەك لەژیانی پڕبەرهەمی دکتـۆر سـادق شـەرەفکەندی، ئەرشـیفی تۆمـــــاری ڤیـــــدیۆیی تەلـــــەفزیۆنی تیـــــشك لـــــە یوتـــــوب، https://www.youtube.com/watch?v=TBWZv٦٨RqZU

٥٢- کوردستان میـدیا: پوختـەیـەك لـە ژیـانی دکتـۆر محەمـەد سـادق شـەرەفکەندی (سـەعید)، ماڵپەری ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ١٤-٣-٢٠١٢، .http://www.kurdistanmedia.com/index.php?besh=dreje&id=٧٨

## ملخص البحث

محمد صادق شرف كندي، حياتهُ ونضالهُ السياسي

(١٩٣٨-١٩٩٢)

يتناول هذا البحث حياة ونضال محمد صادق شرف كنـدي (د.سعيد)، كمناضـل في حركـة التحـرر الكردية في شرق كردستان، ضمن صفوف الحزب الديمقراطي الكردستاني/ ايران (حدكا) لمدة ١٩ عاماً.

لقد اقتضت طبيعة البحث ان يقسم الى أربعة مباحث، الاول عن بدايات حياة شـرف كنـدي حتـى بلوغهِ مراحل الدراسة، فضلاً عن احوال أسرتهِ. أما المبحـث الثـاني فقـد تنـاول نـضالهُ الـسياسي منـذ انخراطهِ في صفوف (حدكا) حتـى سنة ١٩٨٩، في حين خـصص الثالـث للبحث في نـضالهِ خـلال المدة ١٩٨٩-١٩٩٢، أما المبحث الاخير فقد تناول نضالهُ الخارجي واغتيالهُ في ١٩٩٢/٩/١٧.

اما المنهجية العلمية الـتي سـار عليهـا الباحـث فهـي عـرض مرحلـي تتـابعي للحقـائق التاريخيـة وتحليلها للوصول الى النتائج التالية:

- التحق شرف كندي بعضوية (حدكا) متأثراً بالفكر التحرري للقضية الكردية، وبفـضل قدراتـهِ المميزة وشخصيته القوية تمكن من بلوغ مراتب قيادية عليا حتـى وصـل الى عـضوية المكتـب الـسياسي حيث تمكن وبنجاح من اداء دور مميز ضمن صفوف الحزب حتـى تبـواء القيـادة العليـا سـكرتيراً عامـاً للحزب.

- اغتيـال شرف كندي ألحق ضرراً فادحاً بالحزب الـديمقراطي الكردسـتاني / ايـران بفقدانـه قائـداً من الطراز الاول، حيث تعرض الحزب لضربتيين قاصمتين خلال ثلاث سنوات نتيجة اهمال أمـني واضـح في حماية اعضاء الحزب.

## Abstract

## Mohammed Sadiq Sharafkandi
## Life and Political Struggle (١٩٣٨-١٩٩٢)
## (A Historical and Political Study)

This paper studies the life and political struggle of Mohammed Sadiq Sharafkandi (Dr. Saeed) who as a politician in the Kurdish freedom movement in the Eastern Kurdistan, and among the members of the Democratic Party of Iranian Kurdistan (KDPI) continued his political struggle for ١٩ years.

This study is made up of four parts. First part is about birth and growth of Mohammed Sadiq Sharafkandi, covering family history, childhood years and education life. Second part talks about his political struggle life starting with the beginning of his membership of the KDPI from ١٩٧٣ to ١٩٨٩. Third part studies his political struggle years in leading KDPI in ١٩٨٩ to ١٩٩٢. Fourth part is about his political struggle on the international level and his assassination in ١٧/٠٩/١٩٩٢.

In writing this paper, the researcher relied on historical research method, providing facts according to historical timeline, and analysis. Below are the most significant findings of the study:

Thinking about Kurdish struggle and his passion for the Kurdish case, he became a member of KDPI. Because of strong personality, ability and talents, he was promoted and reached the political bureau. He had many responsibilities in the party and was successful till he become secretary general of KDPI.

Assassination of Sharafkandi was a great loss for KDPI: besides losing a competent leader, KDPI didn't learn from the assassination of Dr. Qasmloo and got a heavy loss over the period of three years. Carelessness for his life and security was another factor.

JOURNAL OF KOYA UNIVERSITY

Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher Education & Scientific Research
KOYA UNIVERSITY

KOYA UNIVERSITY

35
2015

# JOURNAL OF KOYA UNIVERSITY

## Humanities

An Academic Journal Published by Koya University
ISSN. 2073-0713

# مجلة جامعة كوّيه

## ( العلوم الانسانية )

مجلة أكاديمية تصدرها جامعة كويه